# ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 531 چوارشەممە 12/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.531 Wed 12/ 8/ 2009




لەگەڵ ژمارەی سبەیدا ڕۆژنامە وتارێکی (بەختیار عەلی) لە پاشکۆیەکی تایبەتدا بڵاودەکاتەوە

# نانبڕین تا کەی؟




لە کوێیە، مووچەی (١٠١) کارمەند دەبڕدرێت


ل٣

لە هەڵەبجە (٦٠) کەس نانبڕاو دەکرێن

ل٣

«نانبڕینی خەڵک لەگەڵ هیچ بنەمایەکی دیموکراسیدا یەکناگرێتەوەو ناتوانرێت لەژێر هیچ پەردەیەکدا پاساوی بۆ بدۆزرێتەوە»

ل٣



## دارمانی ئاسایش

ل٤-٥

## مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پرۆژەکەی تاڵەبانی پێشێلدەکات

ستارە عارف

لەسەر بڕیاری مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، کۆفی نێتێک لە کەلار دەکرێتەوەو پێنج فولکەی ناوشاریش نۆژەندەکرێنەوە، سەرۆکی شارەوانیی کەلاریش بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە ئەو پێنج فولکەیەمان بە مەلا بەختیار سپاردووە».

مەلا بەختیار، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی‌و لێپرسراوی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی، بڕیاریداوە پێنج فولکەی سەرەکی لەناو شاری کەلاردانۆژەن بکاتەوەو پەیکەرتاشێک دیزاینەکەی بۆ بکات‌و بودجەی ئەم پرۆژانەو کۆفی نێتەکەش لەسەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە.

لە برگەی (٨)ی پرۆژەکەی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٨) هاتووە، «نابێت ڕێکخراو و کادیرەکانی حیزب خۆیان بکەنە بەدیلی مەئمورەکانی میریی‌و ئیرادەو ویستی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن». لە برگەی (٦)یشدا هاتووە «لەسەر ئەندامانی یەکێتی لەناو حکومەتدا، هەر لە وەکیل وەزیرەوە هەتا هەموو دامودەزگاکانی دیکە، پێویستە بەهیچ جۆرێک ماوەی دەستێوەردانی ڕێکخراوەکانی حیزبی نەدەن لە کاروباری دامودەزگاو دائیرەکانیان».

لەوبارەیەوە جەواد وادی سەعید، سەرۆکی شارەوانیی کەلار، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نۆژەنکردنەوەی پێنج فولکەی (قەڵای شێروانە، یاریگای کەلار، کەلار-کفری، زانکۆ، مەڵبەندو فولکەی نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب)، لەسەر بودجەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانە.

سەرۆکی شارەوانیی، زانیاری لەسەر بڕی تێچوونی هەریەک لە پرۆژەکان نەبوو، ئەگەرچی وتی: «دەزانم پرۆژەیەکیان بەبڕی (٤٢) ملیۆنەو یەکێکیشیان بڕەکەی (٧٠) ملیۆن دینارە، وتیشی: «مەلا بەختیار تەلەفۆنی بۆ کردووم‌و وتویەتی حەزدەکەم شتێک بۆ کەلار بکەم‌و چەند شوێنێکم بدەرێ، منیش ئەو پێنج فولکەیەم دایە دیزانەکەی بۆ بکات».

وتیشی: «هەر کەس بێتە شارەکەمانەوەو بیەوێت کاری بۆ بکات ڕێگەی پێدەدەین، ئەو دەیەوێت کار بۆ شارەکەمان بکات، ناکرێت ڕێگەی پێنەدەین» سەرۆکی شارەوانیی کەلار ئەم کارە بە دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری حکومەتدا نازانێت».




ئایا دەزانیت؟!

* ئایا دەزانیت کە کۆمپانیای نالیا تا بەرواری ٢٠٠٩/٩/١ شوقەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەدات بە قیستی ٥ ساڵ و بێ هیچ زیادە خستنەسەرێک؟!

* ئایا دەزانیت لەدوای ئەو بەروارەوە فرۆشتنی سەرجەم یەکەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەبێتەوە بە کاش؟!

* ئایا زانیوتە زۆرێک لەو مواسەفاتانەی لە گوندی ئەڵمانی دوودا هەن بۆ یەکەمجارە لە سلێمانیدا بەکاربێن وەک دەبڵ دیواری خشت و سیسمۆ، شوشەی تایبەتی دەبڵ گلاس، سێتی موشتەمەلات بە مارکەی ڤێترا و چەندەها مواسەفاتی تر؟!

* ئەوەش بزانە لە گوندی ئەڵمانی دوودا ڤێلا بە ڕووبەری (٣٦٠ تا ١٤١٠مەتر) هەیە کە بەرزترین مواسەفاتی جیهانیی لە دروستکردنیدا بەکاردەهێنرێت و مەسبەح و ساونا و شوێنی بلیارد و باخی گەورەی تێدایە.

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک بەرامبەر گەڕەکی تووی مەلیک

بۆ پەیوەندی لە نۆرماڵەوە: ٥٧٠٠ لە مۆبایلەوە: ٠٥٣٥٧٠٠

٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ – ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠

www.naliagroup.com

# «نانبڕینی خەڵک لەگەڵ هیچ بنەمایەکی دیموکراسیدا یەکناگرێتەوە»

شارا عەبدولڕەحمان

دەرکـردن‌و نانبڕینی کارمەندانی حکومیی‌و هێزەکانی ناوخۆ لەسەر بیروڕای جیاواز بەردەوامەو ڕێژەی دەرکـراوەکـان لە هــەزاران کەس تێپەڕیوەو دادگاکانی هێزەکانی نـاوخـۆش هیچ ئاگادارییەکیان لەوبارەیەوە نییە، بەوهۆیەشەوە شارەزایانی ئـابـووری‌و مافەکانی مرۆڤیش ئەو کارەی دەسەڵاتی کوردی بە نادیموکراسیترین کار دەزانن کە دەسەڵاتی کوردی لە مێژووی (١٨) ساڵی تەمەنی خۆیدا ئەنجامی دابێت.

بە بـڕوای شارەزایەکی بواری ئابووری، سەروەت سامانی، هەرێمی کوردستان موڵکی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەیەو هەموو کەسێک مافی هەیە بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە.

د.محەمەد ڕەئوف سەعید، پسپۆڕ لە بواری ئابووریدا لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، مـرۆڤ دەبێت سـەرجـەم مـافـە ئابوورییەکانی لــەلایــەن حــکــومــەتــەکــەیــەوە پارێزراوبێت، بەتایبەت لەئێستادا کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەردەوام باس لە دیموکراتیزەبوونی حکومەتی کوردی دەکەن، پێویستە ئەو حکومەتە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات‌و لەسەرێتی کە ژیانی سەرجەم تاکەکانی دابین بکات، بەوپێیەی کە ئەو تاکە بەشی خۆی لەو سەروەت‌و سامانەدا هەیە کە لە وڵاتەکەیدا دەستەبەربووە».

لەسەرجەم وڵاتە دیموکراسییەکاندا ئەرکی حکومەتە کە لەکاتی بێکاریدا تاکەکانی کۆمەڵ بژێنێت، ئەگەر ئەو کەسە لە ڕووی جەستەیی‌و ژیریشەوە ناتەواوبێت‌و توانای خزمەتکردنی وڵاتەکەی نەبێت، بـەڵام بە بڕوای پسپۆڕەکەی بـواری ئـابـووری، لە کوردستاندا بەپێچەوانەوە نەک هەر خزمەت بە کەسانی بێ توانا ناکرێت، بەڵکو بـەنـاوی دەسـەڵاتـەوە نانی ئەو کەسانە دەبڕدرێت کە بیروڕای جیاوازیان هەیە، کە ئەمە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیدا یەکناگرێتەوەو ناتوانرێت لەژێر هیچ پەردەیەکدا پاساوی بۆ بدۆزرێتەوەو پێی باشە «کـۆمـەڵـگـەی کـوردی بێدەنگیی لێ نەکات».

زۆربــەی ئــەو کـەسـانـەی کە ڕۆژانە لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە دەردەکـرێـن‌و نانبڕاو دەکـرێـن، خـێـزانـدارن‌و زۆربـەی زۆریشیان کرێچین، بەوپێیەش بـە بـڕوای مافناسێک ئـەم کـارەی دەسەڵاتی کـوردی کە لەگەڵ تاکەکانی خۆیدا پیادەی دەکـات، ئەوپەڕی مامەڵەی نادادپەروەرانەیەو لێدانە لە کەرامەتی مرۆڤ.

هـاوڕێ تۆفیق، مافناس، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە کەرامەتی مرۆڤ لە ڕووی سەلامەتی ئاسایش‌و ئابووری‌و تەندروستی‌و لە هەموو ڕوویەکی دیکەوە پارێزراوبێت، بەڵام لە کوردستاندا بەوپێیەی کە ئەم بەهایانە نەبووەتە بەهایەکی فیعلی بە هەموو شێوەیەک لە کەرامەتی تاکەکان دەدرێت.

وتیشی: «نانبڕینی تاکەکان بەتایبەت لە دامودەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و هێزی پێشمەرگەدا، جگە لەوەی کە لێدانە لە کەرامەتی مرۆڤ، پەیوەندیی هەیە بـەوەی کـە لـە کوردستاندا دامـەزراوەکـانـمـان لـەسەر بنەمای دەوڵـەتـی یاسا نین‌و دامــەزراوەی هێزەکانی ناوخۆ دامەزراوەیەکی نیشتمانی‌و پیشەیی نییە، کە وەلائی بۆ دەوڵـەت هەبێت‌و وابکات کە ئەم کەسە بە یاسا مافەکانی پارێزراوبێت، بەڵکو لە کوردستاندا ئەوەی هەمانە هێزی میلیشیایی حیزبییە، هەربۆیە حیزبەکان زۆر ئاسانە بەلایانەوە کە ئەو کەسەی کە هـەواداری خۆیانەو دەنگی پێنەداون نانبڕاوی بکەن».

پارێزەران‌و داواکاری گشتیی لەناو هێزەکانی ناوخۆدا، بەتایبەت ئاسایش، لەکاتی دەرکردنی کارمەندەکانیاندا ئاگادار ناکرێنەوەو ئەو کەسانەی کە نانبڕاو دەکرێت هیچ دادگاییەک ناکرێن، ئەمە لەکاتێکدا کە هێزەکانی ناوخۆ دادگـای سەربازییان هەیەو پێویست دەکـات لەکاتی دەرکردنی کارمەندەکانیدا لەپێشدا دادگایی بکرێن‌و بەڵگە بۆ دەرکردنەکەیان بهێنرێتەوە.

ناز نوری، ئەندامی داواکاری گشتیی لە دادگـای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی گشتیی سلێمانی، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ڕۆژانە دەبیبستین کە خەڵک دەردەکـرێـت، بـەڵام کەیسەکانیان ناهێنرێتە لای ئێمەو ئەوە ئیجرائاتی ئیدارییەو پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ڕەنگە ئەگەر ئەو کەسە لای ئێمە سکاڵا بەرزبکاتەوە بتوانین بەدوای کێشەکەیدا بچین، بەڵام تائێستا کەس سکاڵای بەرزنەکردووەتەوە، ئێمەش بە قسەی خەڵک ناتوانین بەدواداچوون بۆ ئەو حاڵەتانە بکەین».

**د. محەمەد ڕەئوف، پسپۆڕی ئابووری: پێویستە ئەو حکومەتە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات‌و لەسەرێتی کە ژیانی سەرجەم تاکەکانی دابینبکات**

**هاوڕێ تۆفیق، مافناس: پێویستە کەرامەتی مرۆڤ لە ڕووی سەلامەتیی ئاسایش‌و ئابووری‌و تەندروستی‌و لە هەموو ڕوویەکی دیکەوە پارێزراوبێت**

**ناز نوری، ئەندامی داواکاری گشتیی: ڕۆژانە دەبیبستین کە خەڵک دەردەکرێت، بەڵام کەیسەکانیان ناهێنرێتە لای ئێمەو ئەوە ئیجرائاتی ئیدارییەو پەیوەندی بە ئێمەوە نییە**

**ئەوەی لە کوردستاندا هەیە، هێزی میلیشیایی حیزبییە، هەربۆیە حیزبەکان زۆر ئاسانە بەلایانەوە ئەو ئەندامانەی خۆیان کە دەنگیان پێنەداون نانبڕاویان بکەن**

# لە هەڵەبجە (٦٠) کەس نانبڕاو دەکرێن

ئارام نەجیم

لە ماوەی نزیکەی مانگ‌و نیوێکدا لە سنووری قەزای هەڵەبجە (٦٠) هاوڵاتی لەسەر بیروڕای جیاواز لە کارەکانیان دەرکراون، ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێم بانگەشەی ئەوە دەکات هیچ کەسێک لە کارەکەی دەرنەکراوە.

لە سنووری قەزای هەڵەبجە لەسەر لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان، (٦٠) هاوڵاتی لە هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگەو پاسەوانی سنوورو خانەنشین‌و مووچەی شەهیدانە بڕاوە.

فەتاح کۆکۆیی، لێپرسراوی لیژنەی ناونووسکردنی ئەو کەسانەی کە لەسەر بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان لە سنووری قەزای هەڵەبجە دەرکراون بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ژمارەی ئەو فۆرمانەی لای ئێمە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پڕکراونەتەوە (٦٠) هاوڵاتی لەسەر بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بۆ لیستی گۆڕان دەرکراون، کە سەر بە هێزەکانی ئاسایش، پێشمەرگە، پاسەوانی سنوور بوون یان مووچەی خانەنشینی‌و شەهیدانەیان بڕدراوە.

وتیشی: «ئەم ڕێژەیە بەردەوام لە زیادبووندایە. ئەوەی بڕوای بە دیموکراسی‌و ئازادیی ڕادەربڕین هەبێت بیر لە بڕینی نانی هاوڵاتییان ناکاتەوە، جگە لە کەسانێک کە بۆ مانەوەی خۆیان ئامادەن هەرشتێک کە دووربێت لە دیموکراسی بیکەن، بۆئەوەی لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات بمێننەوە.

# لە کۆیە، مووچەی (١٠١) کارمەند دەبڕدرێت

ئاری سابیر

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا (١٠١) کارمەند لە هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و پێشمەرگەو دەزگای خانەنشینی لە سنووری قەزای کۆیە، مووچەیان بڕدراوەو ئەو حاڵەتەش بۆ بیروڕای جیاواز دەگەڕێننەوە.

عومەر نازەنینی، لێپرسراوی لیژنەی ناونووسکردنی نانبڕاوانی سنوورەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی ژمارەی ئەو فۆڕمانەی لەلایەن ئێمەوە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پڕکراونەتەوە، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا (١٠١) کارمەند لە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگەو دەزگای خانەنشینی دەرکراون‌و مووچەکانیان بڕدراوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو ڕێژەیە لە زیادبووندایە، ئەوەش ئەو کەسانەی گرتووەتەوە کە لایەنگری لیستی گۆڕان‌و بیروڕای جیاوازیان لە دەسەڵات هەیە».

دەرکردنی کارمەندانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و پێشمەرگە لەکاتێکدایە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوەدەکەن، کە تائێستا کەس لەسەر بیروڕای جیاواز دەرنەکراوە.

# یاخیبوون لە حیزب

مەجید ساڵح



ئـــازادیـــی یـەک پێناسەو یەک ناونیشانی هەیە، ئەویش ئەوەیە خەڵکی سادە بە ئازادیی بیربکەنەوە، بڕیاربدەن، هـەڵـسوکـەوت بکەن. بەواتایەکی دیکە خەڵک بۆ خۆیان ئاغای ژیانی خۆیان‌و دیاریکردنی جــۆری ئـیـش‌و چارەنووسی خۆیان بن، وادیارە ئەم مەفهومە بۆ ئازادیی بەلای ئەو حیزبە تەقلیدیانەی کە دەیان ساڵە ژیانی ئێمەیان تەنیوەو وەک زالـو چوونەتەوە قوڕگی ژیانی سیاسیی وڵاتەکەمانەوە، مەفهومێکی دیکەی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەرکەسێک بوو بە ئەندام لەو حیزبە دەبێت هەموو ئازادییەکانی ببەخشێتە حیزب‌و بیرکردنەوەو ڕەفتارو بڕیارەکانی لەو بازنەیە دەرنەچێت کە حیزب بۆی دیاریدەکات، قوڕبەسەرییەکە لەوەدایە خودی حیزب ئەرک‌و بنەماکانی خۆی لە دەستداوەو بووەتە موڵکی سەرۆک یان سکرتێری حیزب، دەرئەنجام ئەوەیە بوون بە ئەندام لە حیزبێکی سیاسیی کوردیدا، واتە بوون بە کۆیلەی سەرۆک یان سکرتێری حیزب، ئەم کۆیلەیەتییە لە جێگرەکەیەوە دەگرێتەوە تاوەکو ئەندامێکی سادە.

یەکێک لە دیاردە دڵخۆشکەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو، تێگەیشتنی خەڵک بۆ حیزبیبوون‌و ئەندامێتی لە حیزبدا گۆڕانی مەزنی بەخۆوە بینی، بەشێوەیەک خەڵک بێ گوێدانە ئینتیمای حیزبی‌و ڕابـردووی خۆیان لەناو ئەو حیزبانەی کوردستان، دەنگیاندا بەو لیستەی کە پێیانوابوو تەعبیر لە خواستەکانیان دەکات، دەنگیاندا بەو بەرنامەیەی کە پێیانوابوو چـارەسـەری کێشەکانی کـوردەواریـی دەکـات، لەم هەڵبژاردنەدا، ئەندامانی حیزب لە سەرۆک‌و حیزبەکانیان یاخیبوون، یاخیبوون لەو چوارچێوە بەرتەسکەی کە بۆیان دیاریدەکرا، یاخیبوون لەو وێنایەی کە هەمیشە لە ماڵی سەرۆکەوە بۆ ئایندە دەکێشراو بۆ کەس نەبوو پرسیارو بۆچوونی خۆی لەبارەوە دەربـڕێـت. ئەمجارەیان خەڵکی کوردستان تەنانەت گوێیان نەدایە مووچەبڕین‌و دەرکـردن‌و وەرگرتنەوەی پلەوپایە، بە حیزب‌و سەرۆکی حیزبەکانیان وت «دەنگمان ویژدانمانە، نە دەیفرۆشین‌و نە دەیفەوتێنین».

دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەش ئەوەیان سەلماند، کە ئەم دۆخە تازەیە لەگەڵ خۆیدا حاڵەتێکی نوێی هێناوەو چیتر خەڵک باوەڕیان بەوە نەماوە کە ئەم حیزبانەی کوردستان بتوانن ڕۆڵی سیاسیی خۆیان لە گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی‌و ئابووری کوردستاندا بگێڕن.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەو تەزویرو پەلەقاژێیەی کە حیزب لە هەولێرو دهۆک کردیان، نەبوایە، ئەگەر ئەو هەڕەشەو گوڕەشەو نانبڕین‌و دەرکردنانە نەبوایە، سیستمی حیزبایەتی وەک چۆن لە سلێمانی سەروژێربوو، بە تەواوەتی لە کوردستاندا سەروژێر دەبووەوە.

ئەو شێوازە نا تەقلیدییەی کە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا کاری پێکرد، دەریخست کە لەمەودوا دابڕانێکی مەزن دروستدەبێت لە سیستمی کاری حیزبی‌و حیزبایەتیکردن، لیستی گۆڕان لەماوەی کەمتر لە دوو مانگدا تەنیا بە خستنەڕووی «بەرنامەو پرۆژەی کاری خۆی»و هێشتنەوەی ئازادیی بڕیاردان بۆ خەڵک، توانی سەرکەوتنێکی مەزن بە دەستبهێنێت، کەچی حیزبە تەقلیدییەکانی کوردستان سەرەڕای هاوپەیمانی ستراتیژیی‌و باوەشکردن بە یەکدا، سەرەڕای بوونی ماشێنێکی گەورەی ڕاگەیاندن، دەسەڵات، دەیان بارەگای حیزبی‌و ڕێکخراوەیی‌و.... بە دونیایەک تەزویریشەوە، ئینجا نەیانتوانی پێگەی جارانی خۆیان بە دەستبهێننەوە.

ئەم یاخیبوونەی خەڵک لەو شێوازە تەقلیدییەی کە حیزبە کوردییەکان کاری پێدەکەن، دەریدەخات کە کاتی ئەوە هاتووە سەرکردە تەقلیدییەکانی حیزبی کوردی بە خۆیان‌و حیزب‌و شێوازی کارکردنیاندا بچنەوە، پێویستە ئەو تێڕوانینەیان کە پێیانوایە حیزب موڵکی خۆیانەو ئەوانەشی تێدا ئەندامن کرێکارو کۆیلەی بەردەستیانن بگۆڕن، گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەو ئیشکردن هیچ عەیبە نییە، ڕۆیشتن بە ڕێگەی هەڵەدا کارەساتە، بەڵام ئایا ئەو «خووەی گرتت بە شیری، تەرکی دەکەی بە پیری»؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئایندە وەڵامی دەدەنەوە.

# (٢٥٠) مامۆستا لە سلێمانی خانەنشین دەکرێن

شارا عەبدولڕەحمان

وەزارەتی پەروەردە، مامۆستایانی تەمەن (٦٣) ساڵ خانەنشین دەکاتو لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئەو بڕیارە زیاتر لە (٢٥٠) مامۆستا دەگرێتەوە.

بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە ئەو مامۆستایانەی لە (١٩٤٦/٧/١) لەدایکبوون لەمساڵی خوێندندا خانەشین دەکرێن، هەرچەندە دەبوو لە (٢٠٠٩/٦/١)وە خانەنشین بکرانایە، بەڵام دواتر بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردەو ئەنجومەنی وەزیرانو بەپێی پێویستی، ئەو وادەیە درێژکرایەوەبۆ(٢٠٠٩/١٢/٣١)و ئەو مامۆستایانە تا ئەو وادەیە لە کاری مامۆستایەتیدا دەمێننەوەو دواتر خانەنشین دەکرێن بە ڕێژەی (٨٠٪)ی مووچە بنەڕەتییەکەیان.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردە لە سنووری سلێمانیدا زیاتر لە (٢٥٠) مامۆستا دەگرێتەوە».

سەبارەت بە ئارەزووی مامۆستا بۆ مانەوەی لەسەر کارەکەیو خانەنشین نەکردنی، مامۆستا کەمال وتی: «ئەوە لە دەسەڵاتی مامۆستا خۆیدا نییە، بەڵکو ئەوە بڕیارو یاسایە، بەڵام لە حاڵەتێکدا کە ئەو مامۆستایە بیەوێت دەتوانێت بە مووچەی خانەنشینییەکەیەوە لە خزمەتدا بەردەوامبێت».

# سەرۆکی شارەوانیی ئامەد بۆ ڕۆژنامە:
# کارە باشەکان دەگوازینەوە بۆ دهۆک

ئارام شێخ وەسانی

سەرۆکی شارەوانیی ئامەد بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەزموونە باش»ەکەی خۆیان بۆ شاری دهۆک دەگوازنەوەو لەداهاتوودا سەردانی هەولێرو سلێمانیش دەکەن.

شاندێکی سەرۆکایەتی شارەوانیی ئامەدی کوردستانی تورکیا، کە لە (١٣) کەس پێکهاتوون، لەسەر بانگهێشتی سەرۆکایەتی شارەوانیی دهۆک هاتوونەتە دهۆکو بۆ سوود وەرگرتنو گۆڕینەوەی ئەزموونی شارەوانییەکان، هەروەها باسکردنی چەندین پرۆژەو پلان بۆ هاوکاریی نێوان هەردوولاو هەروەها پرۆتۆکۆلێکیش سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو شارەوەانییەکە دەبەسترێت.

ئیسماعیل مستەفا، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانیی دهۆک، وتی: «سەردانی شاندی شارەوانیی ئامەد لەسەر بانگهێشتی شارەوانیی دهۆک بووە، ئامانجی سەرەکیی ئەو بانگهێشتە دروستکردنو بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان شارەوانیی دهۆکو ئاماد بووە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی باش سوود لە ئەزموونی یەکتر وەربگرین، بەتایبەت لە بواری شێوازی خزمەتگوزاریی هاوڵاتییانو پەیوەندیی شارەوانی لەگەڵ لایەنەکان.

وتیشی: «پێشبینی دەکەم سەردانەکە سوودی زۆری لێبکەوێتەوە، چونکە سەرۆکی شارەوانی ئەوان دەسەڵاتی زۆر فراوانترە لە هەموو لایەنەکان دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت، هەوڵدەدرێت سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگیرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە پرۆتۆکۆلێک واژۆ بکەن».

پەیوەندیی نێوان دهۆک-ئامەد پەیوەندییەکی بازرگانی بەهێزە، چەندین کۆمپانیای ئەو پارێزگایە لەگەڵ ژووری بازرگانی دهۆک پەیوەندییان هەیە، تائێستا چەندین پێشانگاو پرۆژەی هاوبەشیان ئەنجامداوە.

سەبارەت بە سەردانی ئەمجارەیان، عەبدوڵڵا دمیرتاش، سەرۆکی شارەوانیی ئامەد تایبەت بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەم سەردانەمان لەسەر بانگهێشتی شارەوانیی دهۆک بووە، ئێمە لەو سەردانەدا کە نوێنەرایەتی زیاتر لە (١١٠) هەزارکەس دەکەین لەخەڵکی ئامەد، هاتووین هاوکاریی خۆمان نیشانبدەین لەهەموو لایەنەکان بۆ شارەوانیو دەزگاکانی پارێزگای دهۆک، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە پرۆتۆکۆلێک واژۆدەکەینو لەسەر بنەمای ئەو پرۆتۆکۆلە درێژە بە پەیوەندییەکانمان دەدەین لەگەڵ دهۆک لەلایەنی خزمەتگوزارییو ڕۆشنبیرییو ژنانو پێداویستییەکانەوە.

وتیشی: «بەپێی ئەو ئەزموونەی ئێمە هەمانە دەتوانین کارە باشەکان بگوازینەوە بۆ دهۆک، هەروەها لەم سەردانەدا پیرۆزبایی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنمان گەیاندە بەرپرسانی پارێزگاکە».

سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێرو سلێمانی دەمیرتاش وتی: «بەنیازین لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی هەولێرو سلێمانی بکەینو لەگەڵ ئەوانیشدا گفتوگۆو هاوکاریی بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوامو سەرەکی لەگەڵ دهۆک هاوکاردەبین».

# هێزەکانی زێرەڤانی، ئیهانەی تیمێکی کەناڵی KNN دەکەن

ئیبراهیم عەلی

لەکاتی هەوڵدانیاندا بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵێک لە بانکی ڕەشیدی شاری هەولێر، هێزەکانی زێرەڤانی بە قۆناغە تفەنگ هێرش دەکەنە سەر تیمێکی کەناڵی KNN.

سەرلەبەیانی دوێنێ، تیمێکی کەناڵی KNN بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەی پێدانی پێشینەی خانووبەرەوە بە هاوڵاتییان، سەردانی بانکی ڕەشید-لقی خانزاد دەکەن لە شاری هەولێرو دەچنە لای بەڕێوەبەری بانکەکەو لە ژووری بەڕێوەبەری بانکدا لەلایەن پاسەوانەکانی بانکەکەوە داوایان لێدەکرێت، دەبێت ژووری بەڕێوەبەری بانکەکە جێبهێڵن ئەگەر نا «بەشەق» دەریان دەکەن.

دوای ئەوە تیمەکەی KNN ژووری بەڕێوەبەر جێدەهێڵنو لەبەردەم بانکەکە دیمانە لەگەڵ چەند هاوڵاتییەکی ئاساییدا دەکەن، بەڵام لەلایەن ئەو پاسەوانانەوە بە قۆناغەتفەنگ هێرش دەکرێتە سەر ئەو هاوڵاتییانەو پێیاندەڵێن «نابێت قسە بۆ KNN بکەن».

سامان بەشارەتی، پەیامنێری KNN ئەم زانیارییانەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوەو وتی: «لە ژووری بەڕێوەبەری بانکی ڕەشیددا لەگەڵ وێنەگرەکەمان دانیشتبووین بۆئەوەی لێدوانمان بۆ بدات لەبارەی چۆنێتی پێدانی پێشینەی خانووبەرەوە بە هاوڵاتییان، بەڵام لەلایەن هێزەکانی زێرەڤانییەوە بەپاڵ کراینە دەرەوە».

سامان بەشارەتی ئەوەشی ڕاگەیاند: لە دەرەوەی بانکەکەش ڕێگریی لێکراوەو «لەلایەن ئەو هێزانەی زێرەڤانییەوە لە هاوڵاتییان دراوەو نەیانهێشتووە قسە بۆ KNN بکەن».

ئەمە لەکاتێکدایە بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەوان لەدوای هەڵبژاردنەکان حسابی خۆیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەکەن، لەم ڕووەوە سامان بەشارەتی وتی: «ئەم هەڵوێستەی هێزەکانی زێرەڤانی سەرەتای دەرکەوتنی جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی سەرۆکی هەرێمن لە ڕۆژنامەنووسان».



تیمی KNN لەکاتی ڕێلێگرتنیاندا فۆتۆ: ئەمیر ئەبوبەکر

# شاری «ئاڵتونی ڕەش» لە قەیراندایە

ئارام جەمال



زیاتر لە هەفتەیەکە قەیرانی کەمیی بەنزین لە کەرکوک سەریهەڵداوەو بەوهۆیەوە بەنزینخانەکانی شارەکە دووچاری قەرەباڵغی زۆربوونو شۆفێرانی کەرکوکیش ئیدارەی شارەکەو کۆمپانیای بەرهەمە نەوتییەکان بە کەمتەرخەم دەزانن، لە بەرامبەریشدا بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەرهەمە نەوتییەکان هۆکارەکەی بۆ کەمکردنەوەی بەشە بەنزینی شارەکە لە پاڵاوگەی بێجییەوە دەگەڕێنێتەوە.

حسێن محەمەد، شۆفێری تاکسی لەکاتی سەرەی وەرگرتنی بەنزیندا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ماوەی زیاتر لە سەعاتێک بۆ وەرگرتنی (٣٥) لیتر بەنزین دەوەستین، لەکاتێکدا شارەکەی خۆمان دەریای نەوتەو ئەمەش حاڵی خەڵکەکەیەتی».

وتیشی: «ئیدارەی شارەکەو کۆمپانیای بەرهەمە نەوتییەکان لەم قەیرانە بەرپرسن، کە تەنیا شاری کەرکوک دووچاری ئەم کێشەیە بووەتەوە».

ئەندازیار قادر عومەر، بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمپانیای بەرهەمە نەوتییەکان، ئەو قەیرانە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە بنەڕەتدا ڕۆژانە (٦٩٦) هەزار لیتر بەنزین لە بێجییەوە ڕەوانەی کەرکوک دەکرێتو بەشی قەزاو ناحیەکانیشی لێدەدرێت لەگەڵ قەزای دوزدا کە سەر بە پارێزگای سەلاحەدینە، لەم ماوەیەدا کە ئەزمەکە دروستبووە ڕۆژانە کەمتر لە نیوەی ئەم بڕە دەگاتە کەرکوکو بەشی پێویستیی شۆفێرانی شارەکە ناکات».

وتیشی: «هۆکارێکی دیکەی کێشەکە گرانبوونی نرخی بەنزینە لە بەنزینخانە ئەهلییەکان، کە لیترێک بەنزین لە (٦٠٠) دینارەوە بۆ (١٠٠٠) دینار زیادیکردووەو ئەمەش وایکردووە شۆفێران ڕوو لە بەنزینخانە حکومییەکان بکەن کە لیتری بەنزین بە بەردەوامی (٤٠٠) دینارە».

بەڕێوەبەری بەرهەمە نەوتییەکانی کەرکوک ئەوەشی ڕاگەیاند: «پێشتر بە شێوازی بۆریو تانکەر بەنزین لە بێجییەوە ڕەوانەی کەرکوک دەکرا، بەڵام لەم ماوەیەدا تەنیا بە تانکەر ڕەوانە دەکرێت، بەهۆی کارکردن لە بۆرییەکانی گواستنەوەدا».

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە ناوبەناو و بۆ ماوەیەکی زۆر گرفتی بەنزینو سووتەمەنی لە پارێزگای کەرکوک سەر هەڵدەدات، بەڵام تائێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی یەکجاریی ئەو کێشەیە بنبڕبکرێت.



# ـەندی تەقینەوەدایە

سەرۆکایەتی ئەنجومەن، وتیشی: «ئێمە نوێنەرایەتی یەک ملیۆن هاوڵاتی دەکەین لە چوارچێوەی (١٦) یەکەی ئیداریدا کە زۆرینەیان کوردن، چونکە دوای ساڵی (٢٠٠٣)، سیستمی دیموکراسی لە عێراقدا پەیڕەودەکرێت، بۆیە ڕێگە نادەین بە ئەسیل نجێفیو لیستی حەدباو عەرەبە شۆڤێنییەکان بڕیار بەسەر ئەو ناوچانەدا بسەپێنن، بۆیە ئێستا لە لێکۆڵینەوەداین بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجومەنێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئیدارەی ئێستای پارێزگای موسڵ».

سەبارەت بەوەی لەگەڵ بایکۆتکردنی ئیدارەی نوێی موسڵ، هەوڵی پێکهێنانی ئیدارەیەکیانداوە بۆ ئەو (١٦) یەکە ئیدارییە، بەڵام تائێستا ڕاینەگەیاندووەو دواکەوتوون، وتەبێژی لیستی برایەتی وتی: «هۆکار زۆرن، سەرەتا لەسەر داوای سەرۆک وەزیرانی عێراق چووینە بەغداو دوو ڕۆژ هەردوو لیستەکە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبووینەوە، دواتر وەفدێکی ڕەوتی سەدر کە لە (٥) پەرلەمانتار پێکهاتبوو سەردانی موسڵیان کردو بۆچوونی هەردوولایان وەرگرت، بەهۆی ئەم هەوڵانەوە ڕاگەیاندنی ئیدارەیەکی نوێ دواکەوت، چونکە وەک لیستی برایەتی نەینەوا، دەستی هاوکاری خۆمان درێژدەکەین بۆ بەشداریکردن لە ئیدارەی موسڵ، لە بواری ئەمنییو ئیداریدا، ئەگەر هەوڵەکان سەرینەگرت، ناچارین بە زووترین کات ئیدارەی سەربەخۆی خۆمان پێکبهێنین».

دەربارەی ئەوەی ڕێکەوتنی لیستی حەدباو برایەتی چەند کاریگەریی هەیە لەسەر کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان، ئەحمەد شەبەک وتی: «ڕێکەوتن کاریگەریی دەبێت، بەڵام حەدبا شتێکی دیکەی دەوێت، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە حاڵەتی وا ڕووی نەداوە، بەهۆی بوونی پێشمەرگەوە، بوونی پێشمەرگە ڕێی لە زۆر توندوتیژییەکان گرتووە، بەڵام ئەمانە دەیانەوێت پێشمەرگە لە ناوچەکە دەربچێت، لیستی حەدبا ئامانجی سیاسیی هەیە، نەک خزمەتگوزاریی، چونکە ئەنجومەنی پارێزگا خەدەمییە، بەڵام بەهەمانشێوە ڕێکەوتن بەپێی مەرجی ئەوان بارودۆخەکە خراپتر دەکات».

### نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێم

بە وتەی ئەحمەد شەبەک: «ئەو ناوچانەی تەقینەوەی لێ ڕوودەدات تائێستاش نایانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستانو لەگەڵ ئەسیل نجێفینو دەنگیان بەو داوە، ئەوان لە خەڵکی دیکە زیاتر کراونەتە ئامانج، بۆیە بە بۆچوونی من ئەوان هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەیان نییە، جگە لەوەی دان بەڕاستیدا بنێنو بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئارامییان بپارێزێتو بەرگرییان لێبکات».


توندوتیژیی، ئەو مۆتەکەیەی لە خەڵکی موسڵ نابێتەوە

لە ئێستادا شاری موسڵی مەرکەزی پارێزگای موسڵو شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری، زنجیرەیەک تەقینەوە بەخۆیەوە دەبینێت، کە لای دانیشتوانەکەی بووە بە دیاردەیەکی ڕۆژانە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامی گرژییەکانی نێوان کوردو عەرەب لە پارێزگاکەدا.

قوسەی عەباس محەمەد، تاکە نوێنەری شەبەک لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، ڕایگەیاند: «ئامانجی تەقینەوەکەی گوندی خەزنەی شیعەنشین بۆ نانەوەی ئاژاوەیە لەنێوان پێکهاتەکانی پارێزگاکەدا، قوسەی بە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی سەربەخۆی ڕاگەیاند: ئەو لایەنەی تەقینەوەکەی ئەنجامداوە دەیەوێت تۆوی فیتنە لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکەدا دروستبکات».

# «تەقینەوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەمینەکانن»
# گروپە چەکدارەکان، هەڕەشەی بەردەوامیدان بە توندوتیژیی

شالاو فەتاح

تەقینەوەکانی ئەم دواییە بە (بێتوانایی ئاسایشی عێراق)و (سەرهەڵدانەوەی کێشەی نێوان نەتەوەکان)ی عێراق لەقەڵەمدەدرێن. توندوتیژییەکانی ئەم دواییەی کەرکوکو موسڵو بەغدا بەتەواوەتیو بەجۆرێک کاریگەرن کە لەلایەن بەرپرسێکی سوپای عێراقەوە داوای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو جێنەهێشتنیان دەکرێت، بۆئەوەی سەلامەتی ئەو شارانە بپارێزن، چونکە ئەو بەرپرسەو زۆرێک لە چاودێران لە میدیاکانی جیهاندا دەڵێن «هێزەکانی ئاسایشی عێراق توانای پاراستنی ئەو ناوچانەیان نییە»، بەڵام ئەمریکا هیچ لێدوانو وەڵامێکی بۆ ئەو داوایانە نییەو چاودێرانی سیاسەتی ئەمریکاش داوای «کشانەوە بەپێی پلان»و دوانەخستنی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق دەکەن.

### هەڕەشەی بەردەوامیدان بە توندوتیژیی

ڕۆژنامەی زە ناشناڵ لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی تەقینەوەکان، باس لە بەڵێنی یاخیبووەکانی عێراق دەکات بۆ بەردەوامیدان بە تەقینەوەکان، گروپی نەقشبەندیی یەکێکە لەو گروپە یاخییانەی کە بەرپرسانی پێشووی عێراقی تێدایەو هەڕەشەی بەردەوامیدان بە توندوتیژیی دەکاتو بەرپرسێکی سوپای نەقشبەندییەوە بەناوی سەلاحەدین ئەیوبەوە، باس لە هەڕەشەی دروستبوونەوەی ململانێ لە ناوچە جێناکۆکەکان دەکات، وەک پارێزگای کەرکوکو موسڵو دەڵێت: «کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت، جگە لەوەی دەیانپارێزێت لە کوشتن، شەڕەکە تەواونەبووە، بەڵکو دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، ئەوان لە هەر کوێ بن دەبنە ئامانجی ئێمە بۆ لەناوبردن». زە ناشناڵ تەقینەوەکان بە نیشانەی لاوازیی هێزەکانی ئاسایشی عێراق لەقەڵەمدەداتو دەڵێت: «تەقینەوەکانی ئەم دواییە، بێتوانایی هێزەکانی ئاسایشی عێراقی دەرخست لە پاراستنی ئاسایشی عێراقدا».

دواتر ئەیوب باس لە بەردەوامبوونی توندوتیژیی دەکات لە کەرکوکو دەڵێت «لە کەرکوک توندوتیژیی بەردەوامدەبێت، چونکە خەڵکی زۆری لێیە کە توندوتیژیی دەخوازن». دواتر ئەیوب باس لە کوردەکان دەکاتو دەڵێت «کوردەکان توندوتیژییان دەوێت، چونکە وادەکەن میلیشیاکەیان لە کەرکوکدا بمێنێتەوە، ئێمە پێمانوایە هەر تەقینەوەیەک لەدژی مەدەنییەکان بکرێت، ئیشی کوردەکان یان حکومەتی عێراقە، ئەلقاعیدەش یارمەتی ئەو هێرشانە دەدات، چونکە سوودی خۆیانی تێدایە». ئەو بەرپرسەی گروپی نەقشبەندییەکان باس لەوە دەکات، کە بەهیچ جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق یان ئەمریکییەکان ناکەن، چونکە وەک خۆیان دەڵێن «ئەوانەی لە حکومەتی عێراقدان خیانەتکارنو دۆخی عێراقیان بەبێ ئەمریکییەکان پێ ڕاناگیرێت».

### «مانەوەی ئەمریکا لە کەرکوک»

بەرپرسێکی ئەمنیی کەرکوک داوای مانەوەی تایبەتی هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە شاری کەرکوک، تا کاتێک کە بارودۆخی ئەو شارە ئارام دەبێتەوە. ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس لە ڕاپۆرتێکداو لەسەر زاری لیوا جەمال تاهیر بەکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوکەوە دەڵێت: «هیوادارین هێزەکانی ئەمریکا شاری کەرکوک بەجێنەهێڵنو بمێننەوە تا ئارامیی ئەو شارە بەدەستدێت». تەقینەوەکانی ئەم دواییەو کێشە درێژخایەنەکانی کەرکوک لە سازشنەکردنی هیچ لایەک لەسەر خاوەندارێتیی ئەو شارە، وای لە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسیی کردووە کە داهاتووی کەرکوک لە جەنگو ململانێی نێوان کوردو عەرەبدا ببینن، ئەمەش بەشێوەیەکی دیار لە میدیای جیهاندا بەرچاودەکەوێت، هەربۆیە لیوا جەمال پێیوایە، هێشتا هێزەکانی ئاسایشی کەرکوک تەواو ئامادەنین بۆ پاراستنی ئەمنیی ئەو شارەو کەرکوک پێویستی بە مانەوەی زیاتری هێزەکانی ئەمریکایە. لیوا جەمال پێیوایە، بوونی هێزەکانی ئەمریکا «تەنانەت بۆ پێدانی زانیاریی موخابەراتییش بێت، گرنگە»و وادەکات پۆلیسی کەرکوک ئەرکەکانی باشتر ڕاپەڕێنێت.

### کاریگەریی تەقینەوەکان لەسەر کشانەوەی ئەمریکا

سایتی نیوستەیتسمان لە ڕاپۆرتێکدا باس لە تەقینەوەکانی ئەم دواییەی عێراقو کاریگەرییان لەسەر کشانەوەی ئەمریکا دەکات لە عێراقدا، نیوستەیتسمان دەڵێت، تەقینەوەکان کاریگەرییان نابێت لەسەر لۆژیکی کشانەوە، هەرچەندە ڕۆژانە تەقینەوەکان لە عێراقدا بەرەو هەڵکشان دەچنو مەترسیی زیندووبوونەوەی توندوتیژیی نەتەوەیی هەیە لە عێراقدا، بەڵام ئەمانە کاریگەرییان نابێت لەسەر کشانەوەی ئەمریکا، چونکە ئەمریکا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەکشێتەوە. مکلاچی وتارێکی تیم ماکگریک کە لە گۆڤاری تایمدا بڵاوکراوەتەوە بە نموونە دەهێنێتەوە، لەو وتارەدا ماکگریک هۆشداریی بە ئیدارەی ئۆباماو ئیدارەی سەربازیی ئەمریکا دەدات لە عێراق، کە بە زووترین کات بکشێنەوە، هەرچەندە ماکگریک ئاماژە بۆ تەقینەوەی ناو بازاڕو مزگەوتەکانی عێراق دەکات، بەڵام پێیوایە بەگشتیی بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر دەچێتو پێویستە هێزە ئەمریکییەکان «بە زووترین کات بێنەوە بۆماڵەوە».

### مالیکی: تەقینەوەکان بۆ گومان دروستکردنن

حکومەتی عێراق پێیوایە، تەقینەوەکان بۆ ڕەشبینکردنی خەڵکی عێراقو شکاندنی ئیرادەی پێشخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراقن. سایتی ئایرش تایمز لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی تەقینەوەکانی عێراق، باس لە هۆکاری تەقینەوەکان دەکاتو لەزاری مالیکییەوە دەڵێت «بەهەرجۆرێک بێت، دەیانەوێت بیسەلمێنن کە پرۆسەی سیاسیی عێراق جێگیر نییە»، ئایرش تایمز باس لەوە دەکات، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی تەقینەوەکاندا، هێشتا بەرپرسە ئەمریکیو عێراقییەکان باس لە پێشکەوتنو گەشەکردنی پرۆسەی سیاسیی دەکەن لە عێراقداو پێیانوایە، پرۆسەی سیاسیی بەگشتیی لە پێشکەوتندایە. ئایرش تایمز دواتر باس لە هەڵوێستی مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئارامیی بۆ عێراقو دەڵێت «مالیکی زۆر بەپەرۆشە بۆ گەڕاندنەوەی ئارامیی بۆ عێراق، لە پێش هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا».

### تەقینەوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەمینەکانن

سایتی وەن وۆڵد لەلایەنێکی دیکەی تەقینەوەکان دەدوێتو لەسەر زاری بەرپرسی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پاراستنی مافی کەمینەکانەوە دەڵێت «هێرشەکان بۆ بەدەستهێنانی ناوچەی کەمینەکانن». مارک لاتیمەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گروپی نێودەوڵەتی مافی کەمینەکان پێیوایە، ئەو هێرشانە تەنیا دەربڕینی ڕقی مەزهەبیی نین، بەڵکو هێرشەکان بەتایبەت لە کەرکوکو موسڵدا ئامانجی دیکەیان لەپشتەوەیەو بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەمینەکانن «بە فشارخستنە سەریان». کەمینەکانی کەرکوکو موسڵ نیمچە سەربەخۆییەکیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە سیاسییەکانی ناو پارێزگاکانی موسڵو کەرکوک پێدراوەو ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە. هەریەکە لە کوردەکانو عەرەبە سوننەکانیش دەیانەوێت کۆنترۆڵی ئەو دوو پارێزگایە بکەن، لەمبارەیەوە مارک لاتیمەر پێیوایە، کێشەکە ئەوەیە هێزەکانی ئاسایشی عێراق ناتوانن ئەو ناوچانە بپارێزنو کەمینەکانیش توانای پاراستنی خۆیان نییە، لاتیمەر دەڵێت «کەمینەکانی وەک ئاشووریو ئێزدیو تورکمانو مەسیحی، ناتوانن ئاسایشی خۆیانو ناوچەکانیان بپارێزن، بەداخەوە ئەمجارەش هێزەکانی ئاسایشی عێراق سەلماندیان کە بێتوانان لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەی کەمینەکان».




# دووەم بەرمیلە باروت لە سەروب

**بەهادین یوسف**

بەهۆی ژمارەیەک پەلاماری تیرۆریستییەوە لە بەغداو موسڵ زیاتر لە (٤٧) کەس کوژراون‌و (٢٤٠) کەسی دیکەش برینداربوون، ئەمە مانشێتی رۆژی دووشەممەو سێشەممەی زۆربەی میدیا عێراقی‌و جیهانییەکان بوو.

گەڕانەوەی تەقینەوەو کردەوە تیرۆریستییەکان لە یەکەم مانگی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و مەترسی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی کوردو عەرەب لە پارێزگای موسڵ‌و کەرکوک، ئەو مەترسییانەن کە ئەمریکای نیگەرانکردووە، کە رەنگە لەدوای کشانەوەی تەواوی هێزەکانی نەتوانێت عێراقێکی ئارام بەجێبهێڵێت.

## کەمە نەتەوەکان ئامانجن

بەپێی سەرچاوە ئەمنییەکان لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو بارهەڵگری بەمینچێنراو ئێوارەی رۆژی (٨/١٠) لە گوندی خەزنەی (شەبەک) نشینی سەر بە شارۆچکەی بەرتڵە، (٢٠)کلم خۆرهەڵاتی شاری موسڵ، بووە هۆی کوژرانی (٢٨) کەس‌و برینداربوونی (١٥٥) کەسی دیکەو رووخانی (٣٥) خانووبەرە، هەروەها لە ئەنجامی تەقینەوەکە لەو گوندەدا هیچ خانوویەک بێ زیان دەرنەچوون، زۆربەی بریندارەکانی ئەو کردەوەیەش بەهۆی داڕووخانی خانووبەرەی ناوچەکەوە بووە بەسەر دانیشتووانەکەیدا، کە زۆرینەیان لەو کاتەدا لەنێو ماڵەکانیاندا بوون.

لەلایەکی دیکەوە عەبدولکەریم خەڵەف، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری عێراق، ئاماژەی بەوەکرد، چەکدارانی قاعیدە هەوڵی نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی دەدەن لەڕێی ئەو هێرشانەی کە دەیکەنە سەر کەسانی مەدەنی، خەڵەف بە تۆڕی سی.ئێن. ئێنی راگەیاند: «زۆربەی ئەو هێرشانەی لەم دواییەدا دەکرێت، بۆ سەر خەڵکی مەدەنییە، نەک هێزە ئەمنییەکان، ئەو کارتەش کە تیرۆریستان بەکاریدەهێنێت بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە شیعەنشینەکان بۆ وروژاندنی توندوتیژیی مەزهەبی‌و ئاینییە».

## حەدبا بەرپرسیارە

درمان خەتاری وتەبێژی رەسمیی لیستی برایەتی نەینەوا لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، سەبارەت بە ئاڵۆزیی رەوشی ئەمنیی پارێزگاکە بە رۆژنامەی راگەیاند: «کاتێک کێشەکانی نێوان لیستی برایەتی‌و حەدبا دروستبوو بەهۆی ئەوەی لیستی حەدبا سەربەخۆیانە ئیدارەی پارێزگاکەی پێکهێنا، ئەوکاتە ئێمە وتمان حەدبا ناتوانێت ئیدارەی پارێزگایەکی گەورەی سێ ملیۆنی بکات، کە تیایدا ژمارەیەک پێکهاتەی نەتەوەیی‌و ئایینی دەژین، بۆیە بەڕێوەبردنی ئیدارەی موسڵ پێویستی بە تەوافوقە».

هەورەک ئۆباڵی ئاڵۆزبوونی رەوشی ئەمنی خستە ئەستۆی ئیدارەی محەلی موسڵ‌و وتی: «دوای کشانەوەی ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ وتمان، حەدبا بارودۆخی ئەمنیی‌و ئیداریی موسڵ تێکدەدات، لەو باوەڕدا نەبووین لیستی حەدبا بتوانێت ئیدارەی ناوچەکە بدات، بۆیە ئێستا دەردەکەوێت کە حەدبا تووشی فەشەلێکی ئیداریی‌و ئەمنیی بووەتەوە»، ئاماژەی بەوەشکرد، لە ماوەی رابردوودا چەندین تەقینەوە روویداوە لە تەلەعفەرو شێخان‌و دوانیان ئەوەی خەزنەبوو، ئەو ناوچانەش لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی محەلی موسڵدایەو پۆلیس‌و سوپای عێراق لەبەردەست ئەواندایە، نەک پێشمەرگەو ئاسایش «بۆیە ئێمە بەرپرسیارێتی ئەمنیی‌و ئەو رووداوانە، دەخەینە ئەستۆی حکومەتی موسڵ».

## پاکتاوی نەتەوەکان

ئەحمەد یوسف موسا، نوێنەری شەبەکەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هۆکاری ئاڵۆزبوونی رەوشی ئەمنیی شارەکەی گەڕاندەوە بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقداو لیستی حەدباشی بە هۆکارێکی گەورەی دانا بۆ روودانی ئەو توندوتیژییانە، چونکە بە وتەی ئەو: «ئەوان کاریگەریی لەسەر خەڵک دەکەن‌و ئەمەش توندوتیژیی بەرهەم دەهێنێت، هەروەها موسڵ بنکەی سەرەکی بەعسییەکانەو زۆرینەی ئەفسەرو پلەدارەکانی بەعس لە موسڵن، بنکەی شۆڤێنییەتی عەرەبی لە سەرەتاوە هەر لە موسڵ بووە، ئەمە کاریگەریی هەیە لەسەر زیادبوونی ئەو توندوتیژییانە».

هۆکارێکی دیکەی کردەوە توندوتیژییەکانی گەڕاندەوە، بۆ لاوازی دەزگا هەواڵگرییەکان «لە بواری سەربازیدا ئەو ناوچانەی کە پۆلیس‌و سوپای لێ نەبێت، فەرمانگەی حکومیی لێ نەبێت‌و نەپارێزرێت، ئاسانە کۆنترۆڵکردنی».

ئەحمەد شەبەک پێیوابوو، گروپە چەکدارەکان لەسەر ئاستی عێراق لەهەوڵی نانەوەی شەڕی مەزهەبیدان، وتیشی: «ئەوان ئێستا کوردو شیعەیان کردووەتە ئامانج، لەسەر ئاستی عێراق دەیانەوێت شەڕی مەزهەبی دروستبێت، بۆ ئەوەی بنکەیان فراوان بێت، لەژێر پەردەی شەڕی مەزهەبیشییەوە دەیانەوێت پاکتاوی (تەسفیەی) ئەو نەتەوەو مەزهەبانە بکەن کە لە موسڵدا هەن، شەبەک کوردە بە ناوی شیعەوە دەیکوژن، تورکمانی شیعە دەکوژن، دەیانەوێت نەتەوەی دیکە لە موسڵن نەمێنێت».

## ئیدارەی سەربەخۆ

سەرەڕای کێشەکانی پێشمەرگەو ناوچە دابڕاوەکان‌و نەوت‌و غاز، کێشەی موسڵ یەکێکە لە ئاڵۆزترین کێشەکانی نێوان کوردو لایەنە عەرەبییەکان، دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا، لیستی حەدبا (خاوەنی ١٩کورسی) سەربەخۆ ئیدارەی ناوچەیی پارێزگای موسڵی دروستکردو لیستی برایەتی نەینەوا (خاوەن ١٢ کورسی) بێبەشکرد لە ئیدارەی ناوچەکە، لەوکاتەوە لیستی کوردی بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کردووەو بەهۆیەوە (١٦) یەکەی ئیداریی پارێزگاکەش هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارێزگارو ئیدارەی نوێدا پچڕاندووەو هەڕەشەی پێکهێنانی ئیدارەیەک دەکەن لە دەرەوەی پارێزگای موسڵ بۆ ئەو یەکە ئیدارییانەو ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردە.

درمان خەتاری روونیکردەوە کە ئەوان داوای بەشداریی لە حکومەتی موسڵ دەکەن بۆ ئیدارەو بڕیاردان نەک پۆستو

# عێراق خوێناویی دەکرێتەوە

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا بەهۆی ئەنجامدانی کردەوەی «تیرۆریستی»ەوە لە شارەکانی عێراق، سەدان هاوڵاتی بوونەتە قوربانیی‌و هاوکات بە بۆچوونی چاودێران‌و بەرپرسانی ئەمنیی زیادبوونی توندوتیژیی بۆ دروستکردنی نائارامیی‌و سەرهەڵدانی کێشەی تایەفی، رێگریکردنە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناو شارەکانی عێراق‌و جارێکی دیکە «گروپە توندڕەوەکان» کەوتنەوە گیانی هاوڵاتییە عێراقییەکان‌و تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا لە ناوچە جیاجاکانی عێراقدا بەهۆی تەقینەوەو کردەوەی خۆکوژیی تیرۆریستان‌و گروپە چەکدارەکانەوە زیاتر (٢٠٠) هاوڵاتی عێراقی بوونەتە قوربانیی.

ئێوارەی (٧/٣١) لە بازاڕی ئازادی شاری کەرکوک، خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکدا خۆی تەقاندەوەو بووە هۆی کوژرانی (٢) هاوڵاتی‌و برینداربوونی (١٣) هاوڵاتی دیکە.

رۆژی (٨/٢) لە شاری حەدیسەدا لە پارێزگای ئەنبار بۆمبێکی چێنراو تەقییەوەو لە ئەنجامدا (٤) کەس گیانیان لەدەستداو (١٧)ی دیکەش برینداربوون. تەقینەوەیەکی قەزای حەویجەش کوژرانی (٢) چەکداری سەحوەو برینداربوونی (٣)ی دیکەی لێکەوتەوە، هەمانکات لە پێکدادانێکی نێوان پۆلیس‌و ژمارەیەک چەکداردا لە باشووری کەرکوک چەکدارێک دەکوژرێت‌و یەکێکی دیکە دەستگیردەکرێت. (٨/٥) لە قەزای بێجی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی پۆلیسدا تەقییەوەو لە ئەنجامدا (٣) پۆلیس گیانیان لە دەستداو (٢) کەسی دیکەش برینداربوون، هەمان رۆژ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ناوەڕاستی شاری رومادی تەقییەوەو دەیان قوربانیی لێکەوتەوە.

رۆژی (٧/٧) بۆمبێک لە ناوچەی سەدری شاری بەغدا بە پاسێکدا تەقییەوە، (٣) لە سەرنشینەکان گیانیان لە دەستداو (٨)ی دیکەش برینداربوون، هەمان رۆژ بۆمبێکی دیکە لە نزیک یاریگای شەعب بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقییەوەو بەهۆیەوە (٢) کەس گیانیان لەدەستداو (١١)ی دیکەش بینداربوون، هاوکات لەگەڵ تەقینەوەی دووەمدا، بۆمبێکی دیکە لە ناوچەی حەبیبیە تەقییەوەو لە ئەنجامدا کەسێک گیانی لە دەستداو (٥)ی دیکەش برینداربوون، هەروەها لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک (٦) هاوڵاتی شەهیدبوون‌و ژمارەیەکیش برینداربوون.

رۆژی دووشەممە (٨/١٠) لە چەند شوێنێکی شاری بەغدا چەند تەقینەوەیەک روویانداو کوژران‌و برینداربوونی ژمارەیەک هاوڵاتی لێکەوتەوە.

لە گەڕەکی (عومال)ی شاری بەغداش ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوەو شەش کرێکار کوژران، هەمان رۆژ بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە گەڕەکی (شورتە)ی بەغدا (٢) کەس کوژران‌و (٤٨)یش بریندارکران. هەروەها لە ناحیەی جەلەولا بەهۆی دەستدرێژی چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی ناحیەکەو دوو پاسەوانی بریندارکران، هاوکات بەهۆی تەقینەوەیەکەوە لە خۆرهەڵاتی شاری موسڵ (٢٣) کەس گیانیان لەدەستداو (١٣٨) بریندارکران.

دوای ئەنجامدانی ژمارەیەک تەقینەوەو کوژران‌و برینداربوونی سەدان هاوڵاتی عێراقی بەرپرسانی عێراق بە توندیی ئیدانەی ئەو کردەوانەیان کردو هاوکات ئەنجومەنی نوێنەران داوای لێپێچینەوەو گرتنەبەری رێوشوێن دەکات.

دوای ئەنجامدانی زنجیرە تەقینەوەکانی پێرێی چەند شارێکی عێراق ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نووسراوێکی ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردو داوای لێکردووە لێپێچینەوە لەبارەی خراپبوونی رەوشی ئەمنیی، بەتایبەتی لە پارێزگای بەغداو موسڵدا بکات.

هەمان رۆژ نوری مالیکی، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ئیدانەی تەقینەوەکانی کردو داوای لە هێزەکانی ئاسایشی عێراق کرد هەموو تواناکانی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ لەناوبردنی پاشماوەی تیرۆریستان لە عێراقدا.

هەروەها بە وتەی تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، دوای گەڕانەوەی سەرۆک کۆمار بۆ بەغدا، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەک ئەنجامدەدات بۆ تاووتوێکردنی چەند پرسێکی سیاسیی‌و ئەمنیی.

بەرپرسانی ئەمنیی زیادبوونی کردەوە توندوتیژییەکانی عێراق دەگەڕێننەوە بۆ خۆڕێکخستنەوەی بەعسییەکان‌و گروپە چەکدارەکان‌و ئامانجیان دروستکردنی نائارامییە، ئەویش بە مەبەستی دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تیرۆریستان، بەتایبەت بەعسییەکان، دەیانەوێت جارێکی دیکە نائارامیی‌و ترس‌و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا دروستبکەن، بۆ ئەوەی خەڵک پەشیمانبێتەوە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن‌و نەچێت بۆ دەنگدان.

هاوکات ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی: «زیادبوونی کردەوە توندوتیژییەکانی عێراق لە ئێستادا بەو مەبەستەیە کە تیرۆریستان دەیانەوێت ئاژاوەی تایەفی دروستبکەن‌و نەهێڵن بارودۆخی ئاسایشی عێراق بەرەو سەقامگیریی بچێت».

وتیشی: «هەرچەند لە ئێستادا توندوتیژیی بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەڵام تائێستا زەمینەکە لەباربووە بۆ ئەوەی تیرۆریستان بتوانن کاری خۆیان ئەنجامبدەن».

هاوکات سەعد عاسم، ئەمینداری گشتیی گردبوونەوەی کۆماری عێراق، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: «ئەم کردەوە تاوانکارییانە ئەجێندای دەرەکییان لە پشتە، لەلای سەرجەم عێراقییەکان، ئاشکرایە کە ئەمە هەوڵێکە بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنیی‌و بەرگرتن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو رێگەگرتن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، چونکە دەزانن هەڵبژاردنی داهاتوو بۆ دوارۆژی عێراق چارەنووسسازە.



# پڕۆژەیەکی دوو ملیۆنو (٦٢٥) هەزار دۆلاریی شکست دەهێنێت



**بڕی (یەک ملیار) دۆلار قەرزی ئێران کە دەدرێت بە عێراق لە چوارچێوەی ئەو یارمەتییانەدایە، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە چەند وڵاتێک بڕیارباندا قەرزێکی درێژخایەن بە عێراق بدەن، لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو عێراقدا، لە ناویدا بڕی (١٧٪)ی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە بڕیار دراوە بڕی (١٧٪) لە بواری کارەباو ڕێگەوباندا خەرج بکرێت**

ستارە عارف، ئارام نەجم

حکومەتی هەرێم چوار ساڵە چاوەڕوانی هێڵی کارەبای هەڵەبجە شوشمێیەو بەرپرسانی حکومییش پێیانوایە، کە چارەسەری کێشەکە لە دەستی ئەواندا نییەو لە چاوەڕوانی بڕیارەکانی حکومەتی عێراقو ئێراندان.

لەساڵی (٢٠٠٦)دا بڕیاری راکێشانی هێڵی کارەبا لە ئێرانەوە بۆ هەڵەبجە دراوەو دوای تەواوبوونی هێڵەکە ئێران بە حکومەتی هەرێم رادەگەیەنێت، کە توانای دابینکردنی کارەبایان نییە، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بڕیاری هێڵێکی تازە لەسەر بنەمای قەرزێکی ئێران بۆ عێراق دەدرێت، تائێستا هەرێم لە چاوەڕوانی هەردوو حکومەتی عێراقو ئێراندایەو چاودێرانیش پێیانوایە هەر کاتێک عێراق قەرزەکەی پەسەندکرد ئەوانیش دەست بە پڕۆژەکە دەکەن.

فەرەیدون محەمەد کەریم، بەڕێوەبەری گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی باسی لەوە کرد کە لە ساڵی(٢٠٠٥-٢٠٠٦)دا حکومەتی هەرێم ویستی لە ڕێگەی چەند هێڵێکەوە وزەی کارەبا لە وڵاتی ئێرانەوە بۆ هەرێم رابکێشێت تا بتوانێت کارەبایەکی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات، دواتر پێشنیازکرا کە چەند هێڵێک رابکێشرێت، لەوانە راکێشانی هێڵی کارەبا لە مەریوانەوە بۆ پێنجوێن کە ئێستا لە ئیشدایە، دوو هێڵی دیکەیش یەکێک بۆ کەلارو یەکێک بۆ چوارقورنە بوو، بەڵام ئەم دوو هێڵە نەکرا.

هێڵی (kv 63)یش لە هەڵەبجەوە بۆ سەر سنووری ئێران راکێشرا، تا حکومەتی ئێرانیش لەلای خۆیەوە بە یەکێک لە وێستگەکانی تۆڕی کارەبای ناو ئێرانی بگەیەنێت، بەڵام دوای تەواوبونی هێڵی کارەباکە بۆ سەر سنوور ئێرانیان ئاگادار کردووە، کە کارەبا بۆ هەردوو هێڵەکە دابینبکات، کە ئەو کاتە هێڵی کارەبای پێنجوێنیش بۆ سەر سنوور تەواو کرابوو، بەڵام ئێران ئاگاداریان کردنەوە، کە تەنیا دەتوانن هێڵی کارەبای پێنجوێن دابینبکەن، لەبەر ئەوەی تۆڕی کارەبای ویستگەکانیان توانای ئەو کارەبا زیادەی بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە هێڵی هەڵەبجە مایەوەو جێبەجێ نەکرا.

## هێڵی کارەبای پێنجوێن

هێڵی (مەریوان- پێنجوێن)یش، کە دوو هێڵەو (63kv)یە، توانای راکێشانی (٨٠) میگاوات کارەبای هەیەو بە وتەی بەڕێوەبەری گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانیش، توانیویانە وێستگەیەکی کارەبای مۆبایل «ئەوەی لەسەر تایە دەسوڕێتەوە» بکرن، کە تواناکەی (31و 1MVI/2)یە لەناو ئەو وێستگەیەی کە لە پێنجوێن دروستکراوە دابنرێتو هێڵی (٦٣ kv) بگۆڕێت بۆ (kv ٣٣) لە ڕێگەی ئەم (٣٣) یەوە کارەبا بۆ هاوڵاتیان دابینبکرێت، بەڕای فەرەیدون محەمەد، ئەو هێڵەی کارەبای هەڵەبجە تائێستا ماوەتەوە بەبێ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت هەردوو هێڵەکەش لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بووە.

سامان سابیر ئیسماعیل، لێپرسراوی بەشی هێڵەکان لە بەڕێوەبەرێتی گواستنەوەی وزەی کارەبای سلێمانی، پێیوایە پڕۆژەکەی هەڵەبجە – شوشمێ، کە بە بڕی (٢) ملیۆنو (٦٢٥) هەزار دۆلارەو لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بووەو ماوەکەی (١٢٠) ڕۆژ بووە، بەرواری دەستپێکردنی (٢٠٠٦/٣/١) بووەو وەریشگیراوەو ماوەی دیکەی بۆ زیادکراوە، هەر لە ساڵی (٢٠٠٧)دا تەواو بووەو ئێران وزەی کارەبای ناداتێ، بۆیە هەروا دەمێنێتەوەو تائێستا خەڵکی هەڵەبجە سوودی لێ وەرنەگرتووە شکستی نەهێناوە، بەڵکو سوودی لێ وەرنەگیراوەو لە ئایندەدا خەڵکی تەوێڵە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

بە بڕوای سامان سابیر، ئێران بە حکومەتی هەرێمی راگەیاندووە، «پلانی پێشترمان نەبووە بۆ پێدانی کارەباو شوێنەکە سەختە ناتوانین کارەبا بەو ناوچەیە بدەین، چونکە تۆڕەکانمان توانایان نییە».

## ئێران لە ڕێگەی پڕۆژەکانی کارەباوە قەرز دەداتە هەرێم

وا بڕیار بوو حکومەتی ئێران بە بڕی (یەک ملیار) دۆلار قەرز بدات بە عێراق، لەو بڕە لە (١٧٪)ی بۆ هەرێمی کوردستانە، لە بڕی (١٧٪) کە بڕیار بوو بە بڕی (١٧٠) ملیۆن دۆلار کارەبا بۆ هەردوو پارێزگای سلێمانیو هەولێر بە دوو هێڵی (230 kv) رابکێشرێت یەکێکیان لە ئێرانەوە بۆ هەڵەبجەو ئەویتریش لە ئێرانەوە بۆ قەزای سۆران، ئەوەی سلێمانی لە هەڵەبجەیە، کە وێستگەیەکی (kv 230)یشی لەگەڵدا دروست بکرێتو لە هەڵەبجەوە بە هێڵی (kv 132) ببەسترێتەوە بە هێڵی سەیدسادقەوە.

فەرەیدون محەمەد، دەڵێت: «لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، کە ئەم پڕۆژەیە دەستپێکرد هەموو تەندەرو کارەکانی ئەم پڕۆژەیە ئامادەکراو گرێبەستەکەش لەلایەن کارەبای حکومەتی هەرێمەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کە کارەکە جێبەجێدەکات ئیمزا کراو بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق نێردرایەوە کە حکومەتی ناوەند لەبەر ئەوەی قەرز لە وڵاتی دیکە وەردەگرێت، دەبێت قەرزو کارەکانی پەسەند بکات».

بۆیە بەڕای فەرەیدون تائێستا لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە راوەستێنراوەو ئێران قەرزەکەی دابین نەکردووە تا کۆمپانیاکە بێتو دەستبەکاربێت، هەر کاتێک عێراق قەرزەکەی لە ئێران وەرگرتو بڕەکەی هەرێم درا، کۆمپانیا ئێرانییەکەش پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات.

## پڕۆژەیەکی تازە دوای پڕۆژەیەکی شکستخواردوو

لە بارەی پڕۆژە تازەکەی کارەبای هەڵەبجەوە سامان سابیر لێپرسراوی هێڵەکان پێیوایە، ئەم پڕۆژەیە چونکە پەیوەندی بە ڕێکەوتنی نێوان عێراقو ئێرانەوەیە لەسەر قەرزەکە، لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئێرانی ڕێکەوتوونو ئامادەکاریی تەندەرو گرێبەست کراوە، هاوکات بۆ ناوەند نێردراوەو حکومەتی عێراقیش ئەم پێویستییانەی بۆ وەزارەتی کارەبای بەغدا ناردووە، بۆیە دوا بڕیار بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بەدەست هەردوو وڵاتەوەیە.

بڕی (یەک ملیار) دۆلار قەرزی ئێران کە دەدرێت بە عێراق لە چوارچێوەی ئەو یارمەتیانەدایە، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە چەند وڵاتێک بڕیارباندا قەرزێکی درێژخایەن بە عێراق بدەن، لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو عێراقدا، لە ناویدا بڕی (١٧٪)ی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بۆیە بڕیار دراوە بڕی لە (١٧٪) لە بواری کارەباو ڕێگەوباندا خەرجبکرێتو لە بواری کارەبادا لە هەردوو ناوچەی هەڵەبجەو چۆمانو سۆراندا بەگەڕ بخرێتو هێڵو وێستگەیەکی (230-132 kv) رابکێشرێتو پاشان بە تۆڕەکانی هەرێمەوە ببەسترێتەوە لە ڕێگەی (kv ١٣٢) ئەم (١٣٢)یەش هەر لەناو پڕۆژەکەدایەو لە ئێرانەوە بۆ هەڵەبجە دێتو لە هەڵەبجەشەوە بۆ سەیدسادق دەڕوات.


پڕۆژەکە تەنیا رووپێویی کراوەو هێڵەکەش لە هەڵەبجەی شەهیدەوە بۆ سنووری ئێرانەو بودجەکەشی (٦) ملیۆنو (١٥٣) هەزارو (٢٨٣) دۆلارەو هێڵێکی (kv ٢٣٠) بەدرێژیی (٣٥) کیلۆمەتر دەبێتو لە سەرەتاوە بڕیاردرابوو هێڵەکە لە ڕێگەی دێی سازانەوە بێت، بەڵام لە دواییدا دەگۆڕێتو لای کانی چنارەوە هێڵەکە دێت.

لە هەڵەبجەشەوە بۆ سەیدسادق بە هێڵێکی (132kv) بە بڕی (٤) ملیۆنو (٥١٦) هەزارو (١٢٤) دۆلار هێڵێک رادەکێشرێت، وێستگەیەک لە هەڵەبجە (٢٣٠ -١٣٢) دادەنرێت لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی وێستگەکەی سەیدسادقدا.

دڵشاد محەمەد شکور، وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «دوای ئەوەی بڕیار بوو کۆمپانیایەکی ئێرانی بەناوی فارابەوە هەستێت بە جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیەو تەندەری بۆ کراو حکومەتی ئێران ڕێکەوت قەرزەکە بداتە حکومەتی عێراقو لە بڕی لە (١٧٪)ی هەرێم بۆ کارەبا خەرجبکرێت، نزیکەی (١٥٠) میگاوات بۆ هەڵەبجەو (١٥٠) میگاواتیشی بۆ قەزای سۆران لە هەولێر دەبێت». وتیشی: «ئەو کارانەی پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمو وەزارەتی کارەباوە هەبووە هەموویان جێبەجێکردووە، دڵشاد محەمەد وتیشی: «پڕۆژەکە گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندو لەوێ گیریخواردوەو پڕۆژەکە وەستێنراوەو تائێستا ئێمە هیچ وەڵامێکی تەواومان وەرنەگرتووە».

بودجەی پڕۆژەکە لەناو ڕێژەی (١٧٪)دا، (١٧٠) ملیۆن دۆلارەو لەبارەی پڕۆژە کۆنەکەی (هەڵەبجە، شوشمێ)شەوە، دڵشاد محەمەد، ئاماژەی بەوەدا، حکومەتی ئێران پێیڕاگەیاندون: کە ئەوان توانای دابینکردنی کارەبایان نییە بۆ ئەو ناوچەیە، بۆیە پێیوایە ئەو پڕۆژەیە ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە هێڵەکەی بۆ راکێشراوەو پارەشی بۆ تەرخانکراوەو دەڵێت: ئیشمان زۆر لەسەر کردووە، بەڵام کە کارەبا نەبێتو ئێران کارەبامان بۆ رانەکێشێت ئێمە دەسەڵاتمان چییە؟.

سەرچاوەکیش لە بەڕێوەبەرێتی کارەبای هەڵەبجەی شەهیدەوە بە ڕۆژنامەی راگەیاند: لەبەر ئەوەی ئەوان تەنیا فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبان، بۆیە هیچ زانیارییەک لەو بارەیەوە لای ئەوان نییەو هەموو پڕۆژەکە لە سلێمانی جێبەجێ دەکرێتو لە کۆتاییدا وەک زانیاری گشتیی بە ئەوانو قایمقامی هەڵەبجە رادەگەیەنرێت.



# کورد لە تورکیا

## ئـەحـمـەد دەنـیـز:

# PKK ئامادەی هەموو چارەسەرێکی ئاشتیو دیموکراتییانەیە

**سازدانی: نیان مەجید**

**ئـەحـمـەد دەنـیـز، بـەرپـرسـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، لەو بڕوایەدایە کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکەی تورکیاو ئەمریکاو عێراق بە ئامانجی لاوازکردنی پەکەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پـێـواژۆی (قۆناغی) چارەسەرکردنی کێشەی کـورد لە ئـارادایـە، هەروەها دەڵێت: پێشتر ڕێگەچارەی دیموکراتییانە هەڵنەدەبژێردرا، بۆیە هیچ گفتوگۆیەک لەبارەی کوردەوە لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتـەپـە)دا نەبوو، بەڵام ئێستا ئـەو قۆناغە تێپەڕیوە، بۆیە دانیشتن لەگەڵ (دەتەپە)دا هەنگاوێکی ئەرێنییەو بەڕێوەبردنی سیاسەتێکی زیاتر ئۆبژێکتیفەو چارەسەرێکی باشترە.**

**لەبارەی بارودۆخی تورکیا لەم دیدارە کورتەی ڕۆژنـامـەدا دەنیز دەڵێت: «با چیدی کورد سەرهەڵدان نەکاتو سەردەمی سەرهەڵدان تەواوببێت، چۆن کوردو تورک پێکەوە کۆماری تورکیایان ئاواکردو هەر نەتەوەیەک مافی زمانو کلتووری خۆی هەبوو، بەهەمانشێوە ئێستاش دەمانەوێت وەکو کورد ئەو ڕۆحە زیندووە بگەڕێنینەوە جارێکی دیکە پێویستمان بە سەرهەڵدان نەبێتەوە».**

**ڕۆژنامە: هەڵوێستی پەکەکە چییە بەرامبەر بە سیاسەتی تورکیا کە وەک ئێوە دەڵێن، هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی PKK دەدات، بەتایبەتی ئەم کۆبوونەوە سێ قۆڵییە؟**



ئەحمەد دەنیز

* ئێمە لە (31)ی نیساندا یەکلایەنە ئاگربەستمان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی میتۆدی شەڕ لابەرین میتۆدی سیاسیی بێنینە ئاراوە، بۆ چەندینجار ئێمە ئەو ئاگربەستەمان ڕاگەیاند، بەڵام هیچ کارێک یەکلایەنە ئەنجامگیر نابێت، پێویستە دەوڵەتیش هەنگاوبنێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین کە لە دەوڵەتی تورکیادا دوو لایەن هەیە، لایەک دەیەوێت کە چارەسەری کێشە بکرێتو لایەکی دیکەش دەیەوێت کورد لەناوبەرێت، لەلایەک کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی دەکرێتو باسی چارەسەردەکات، لـەلایـەکی دیـکـەشـەوە کـۆبـوونـەوەی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقو ئێرانو تەنانەت حکومەتی هەرێمیش دەکرێت بۆ لەناوبردنی پەکەکە، لە زۆر شوێنی تورکیاشدا ئۆپەراسیۆن بەردەوامە. لێرەدا دەوڵەت بە دوو شێوە نزیکی مەسەلەی کورد دەبێتەوە، یەکەمیان؛ تێکۆشانی کورد دەوڵەتی ناچارکرد کە هەنگاوی چـارەسـەری بنێت. دووەم؛ تورکیاش بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی ستراتیژیی ببینێت لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەبێت کێشەکانی چارەسەربکات، ئەگەر چارەسەری نەکات، ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێت، سێیەم؛ ئەمریکا لەدوای کشانەوەی خۆی دەیەوێت ئەو ڕۆڵە بدات بە تورکیاو ئەو بۆشاییە بە تورکیا پڕبکاتەوە، ئەگەر تورکیاش کێشەی کورد چارەسەر نەکات، ناتوانێت هەنگاوبنێتو ئەو ڕۆڵەی ئەمریکا پێیدەدات ناتوانێت بە باشی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، لێرەدا تورکیا کە چارەسەری کێشەی کورد دەکات نایەوێت ئیرادەی سیاسیی کوردی هەبێت، هەربۆیە هەوڵی لەناوبردنی پەکەکە دەدات.

ئێمەش وەک پەکەکە، بە هەموو شێوەیەک ئامادەکاریی خۆمان هەم بۆ چارەسەرێکی ئاشتیو دیموکراتییانەو هـەم خۆ ئـامـادەکـردنو بەکارهێنانی پاراستنی ڕەوای خۆمان، ئەگەر هەوڵی لەناوبردنمان بدەن، ئەوان حیسابی خۆیان دەکەن بەرامبەر ئەوە، ئێمەش حیسابی خۆمان دەکەین.

**ڕۆژنـامـە: پـرۆژەی نەخشەی ڕێی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە (15)ی ئەم مانگەدا دەینێرێت، چ چارەسەرێکی پێیەو تورکیا چۆن نزیکی ئەم پرۆژەیە دەبێتەوە؟**

* لە تورکیادا لە ڕۆژنامەنووسو ڕۆشنبیرانەوە بگرە هەتا دەوڵـەتو دەسـەڵاتو فـەرمـانـداری تورکیاش چاوەڕێی ئەو پرۆژەیەنو دەیانەوێت بزانن ئەم پرۆژەیە چۆنە، ئێمە لەوباوەڕەداین سەرۆکایەتی نەخشەیەکی گونجاو دابنێت کە هەستیاریی کوردو تورکیش ڕەچاوبکات.

سەرۆکایەتی نەخشە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆڵـی کـورد لە مـێـژوودا کە چۆن دانـپـێـدانـراوبـووەو بەهەمانشێوە لە ئەمڕۆشدا ئەو ڕۆڵـە ببینێت، لە ساڵی (1923)دا تورک نکۆڵی لە بوونی کورد کـردووە، کوردیش لە بەرامبەر ئەوەدا سەرهەڵدانی دەستپێکرد، ئێمە دەڵێین با چیدی کورد سەرهەڵدان نەکاتو سەردەمی سەرهەڵدان تەواوبێت، چۆن کوردو تورک پێکەوە کۆماری تورکیایان ئاواکردو هەر نەتەوەیەک مافی زمانو کلتووری خۆی هەبوو، بەهەمانشێوە ئێستاش دەمانەوێت وەکو کورد ئەو ڕۆحە زیندووبکەینەوەو جارێکی دیکە پێویستمان بە سەرهەڵدان نەبێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا تورکیا گوێ لە ئۆجەلان دەگرێتو حیساب بۆ ئەم نەخشەیە دەکات؟**

* ئەگەر چارەسەری کێشەکە بکرێت، ئەوا بیرکردنەوەی ئێمە بەو شێوەیە کە نەبەتەواوەتی بە گوێرەی دڵی دەوڵەت بێتو نەبەتەواوەتیش بە گوێرەی دڵی ئێمە، بەڵام شتی گرنگ لای ئێمە نرخو بەهای نەتەوەییمانەو نایخەینە ژێر پێوە، دژی ڕێزنەگرتنی ناسنامەی کـوردو کلتووری کوردین، هەر چارەسەرێک ئەم مافە سەرەتاییانەی ئێمە پێشێلبکات ئێمە پەسەندی ناکەین، بۆ ئـەوەی ئەم مافانەشمان دەستبکەوێت دەتوانین فیداکاریش بکەینو هەستیاریی تورکیاو هەلومەرجی سیایش ڕەچاوبکەین، بەڵام بەبێ پێشێلکردنی مافەکانمان، ئەگەر تورکیا هەنگاوێک بنێت، ئەوا ئێمە دوو هەنگاودەنێین.

# دایـکـان پـەیـامـی ئـاشـتـی دەنـێـرن

**جەمال ئیختیار**

دایکی سەربازە کوژراوەکانی تورکیاو ئەو گەریلایانەی پەکەکە کە کوژراون لە دیاربەکر هەوڵدەدەن بۆ ناردنی پەیامی ئاشتیو سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیاش هێڵی سوور دادەنێت.

لە چوارچێوەی پەرەسەندنی هەوڵەکانی چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراتیکی مەسەلەی کورد لە تورکیا، (دایکان بۆ ناردنی پەیامی ئاشتی) دەستپێشخەریی دەکەنو حورییەت دەیلی نیوز دەنووسێت، دایکی ئەو سەربازانەی سوپای تورکیا کە لە شـەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا کوژراون، لە دیاربەکر، لەگەڵ دایکی گەریلا گیان بەختکردووەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان یەکتریان لە ئامێز گرتووەو پەیامی ئاشتییان نـاردووە کە چیتر مەسەلەی کورد بە شەڕو خوێنڕشتن چارەسەرناکرێتو پێویستە ڕێگەچارەی ئاشتییانە بخرێتە بەرنامەوە.

گازیس ئەسۆسیەیشنو ناوەندێکی بنەماڵەی کـوژراوەکـانـی تورکیا کە بارەگایان لە ئەنقەرەیە، لەگەڵ ناوەندی بنەماڵەکانی میزوپۆتامیا لە دیاربەکر لە بارەگای ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا کۆبونەوە، دوو گروپەکە نوێنەرایەتی دوو لایەنی کێشەکەیان دەکردو دایکی گەریلاکان بە نیشانەی ئاشتی سەرپۆشی سپییان داوە بەو دایکانەی کە لە ئەنقەرەوە هاتبوونو هەردوولا سەرەخۆشییان لە یەکترکردووە بۆ گیانی خۆشەویستانیان کە لە شەڕدا کوژراون.

وەکو ترادیسیۆنێک لە کوردستانی تورکیادا هەرکاتێک دوولایەن بەشەڕبێن، ئەگەر دایک یان ژنێکی نزێک لەو دوو کەسە سەرپۆشی سپی لەنێوانیاندا ڕابگرێت، مانای ئەوەیە دەبێت کێشەکە کۆتایی پێبێت.

دەگوترێت کۆمەڵێکی دیکە لە ژنان لە هەکاری کـەژاوەی ئاشتی دەگێڕنو دروشمیان ئەوەیە، کە ئەوانیش شتێکیان هەیە بۆ وتنو توانای ئەوەیان هەیە ئاشتی دروستبکەن.

هاوکات لەدوای زیاتربوونی گوشار بۆ سەر سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری دەنیز بایکاڵ لەسەر وتەکانی پێشووتری کە خزمەت بە پرۆسەی ئاشتی ناکەن، بایکاڵ ڕایگەیاندووە، دوو هێڵی سوور هەیە کە پارتەکەی نایانبەزێنێتو ئەویش ئۆتۆنۆمی هەرێمایەتی بۆ کوردستانی تورکیاو خوێندنی کوردیی لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا.

لـــەدوای دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی پارتی دەسـەڵاتـداری دادو گەشەپێدان (ئەکەپە)و دیـداری نێوان سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئـەردوغـانو سەرۆکی پارتی کـوردی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەحمەد تورک، لەپێناو گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کوردو مافی دیموکراتی زیاتر بۆ دانیشتووانی کوردی ئەو وڵاتە، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا وەکو پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکاڵو بزووتنەوەی نەتەوەیی بە سەرکردایەتی دەوڵەت باخچەلی، لەدژی ئەو هەنگاوە وەستانەوەو بانگەشەی ئەوەیانکرد، کە ئەو هەنگاوە دانوستانە لەگەڵ تیرۆریستان.

بایکاڵ بە توندیی ڕەخنەی لێگیراوەو کـاردانـەوەکـانـی بـە بـێ بـەرهـەمو بێ ئەزموونیی وەسفکراون، ئەگەرچی ئەو خاوەنی رابردوویەکی (35) ساڵەیە لە کایەی سیاسەتی تورکیاداو سەرکردەکانی (دەتـەپـە)و (ئەکەپە) ڕایانگەیاندووە، کە پێویستە هەموو توێژەکانی تورکیا بەشداریی ئەو پرۆسەیە بکەنو سەرنجی بنیادنەر پێشکەش بکەن.

هەندێک لە لایەنەکان بانگەشەی ئەوەیانکردووە، کە ئـەو هەنگاوانەی حکومەتی تورکیا پیلانێکی ئەمریکییە، بـەڵام باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە بە ڕۆژنـامـەی ئاکشامی تورکی وتـووە، کە بە درێژایی ساڵانێک، وڵاتەکەی بە بـەردەوامـی سەرنجە باشەکانی خۆی داوەتە تورکیا وەکو وڵاتێکی هاوپەیمان، بەڵام ئەمە شتێک نییە کە لە ئەمریکادا دروستکرابێتو ئەو دەستپێشخەرییە لە تورکیا دروستکراوەو حکومەتی ئەو وڵاتە لێی بەرپرسیارە.

جەیمز جێفری لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاکشام درێـژەدەدات، کە ئەویش چاوەڕوانە تا بزانێت چی دەبێتو ئاگای لە وردەکاریی پلانەکە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستی دەزانێت کە بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی هەنگاوی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونیو ئابووری هەڵبگیرێت. ئەو پێیوایە بەکارهێنانی هێزو دیموکراسی دوو شتی جیاوازنو باشتروایە خەڵک دەرفەتی دەربڕینو هەڵبژاردنیان هەبێتو هانی ئەوە دەدات کە خەڵک دیموکراسی هەڵبژێرن.

بە بـڕوای چـاودێـران هەلومەرجو هاوکێشەکانی ناوخۆیی تورکیا، بارودۆخی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی گـوڕاوەو ئـەوەش وادەخـوازێـت کە بە ئاشتییانە وەڵامـی کێشەکانو لـەوانـە کێشەی کورد بدرێتەوەو بەکارهێنانی هێزو ئەو میتۆدەی لە ڕابـردوودا ئیشی پێکراوە کارایی نەماوەو بوونی پاڵپشتی مەعنەویی ئەمریکاش متمانەی لایەنەکان بە یەکتر زیاتردەکات، ئـەوەش پێش مەرجێکی گەورەیە بۆ سەرخستنی چارەسەری دیموکراتیی کێشەی کورد لە تورکیا.



شەڕ لەپێناوی ئاشتیدایە؟ فۆتۆ: AP

## پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی:

# وانازانم جەدوای ئابووری ناردنەدەرەوەی نەوت بەو جۆرە بێت تا ئەو شەڕەی لەسەر بکرێت

سازدانی:

فازڵ نەجیب، محەمەد شێخ فاتح

**عەلی قەرەداغی پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس پڕۆژەیەک گەڵاڵە دەکات‌و دەیخاتە پێشچاوی زۆربەی سەرۆک‌و میرەکانی عەرەب، تا گفتوگۆ لەگەڵ پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکەن‌و بە ستراتیژێکی روون‌و بەرنامەیەکی هاوبەشەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکانی ناو عێراقدا بکەن، بەڵام وەک خۆی باسیدەکات، لەبەر نەبوونی بەرنامەو بەرژەوەندیی هاوبەش، گوێ لەو پڕۆژەیە نەگیرا.**

**قەرەداغی رای وایە، ئەگەر لایەنی سێیەم ئامادەیی جدیی لە ملاملانێکان‌و دانوستاندنەکانی نێوان کوردو عەرەبدا هەبوایە، لەبەرژوەندیی کورد دەبوو، ئەگەر ئەو لایەنەش سەرکردەکان‌و وڵاتانی عەرەبیش بوایە، بە مەرجێک سەرکردایەتی کورد بیزانیایە ئیدارەی ململانێ بکات‌و وەک جولەکەکان سیاسەتی لاوازیی لە رووکەشداو بەهێزیی ناوخۆیی پەیڕەو بکردایە.**

**قەرەداغی لەم دیمانەیەدا لەسەر زۆر مەسەلەی تایبەت بە کوردو عێراق قسە دەکات‌و ناشیشارێتەوە، کە شانازی بەوەوە دەکات کە ئەو زانکۆیەی دایمەزراندووە «زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە قەرەداغ» جیاوازە لە هەموو دەزگاکانی دیکە، بەوەی لەژێر فشاری سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیشدا هیچ کەسێک لەسەر بنەمای واسیتە وەرنەگیراوەو ساڵ بە ساڵیش زانکۆکەی بەرەوپێش دەچێت.**



**(۲-۲)**

**رۆژنـــامـــە: ئایا بوونی سیاسەتێکی هاوبەشی عەرەبی بەرامبەر بە ئەمریکاو عێراق لەم قۆناغەدا لەبەرژەوەندیی کورد بوو یان زیانی بە کورد دەگەیاند؟**

– من وادەزانم کە ئەگەر سیاسەتێکی روون‌و هاوبەشیان هەبوایە، ئێمە دەمانتوانی سوودی لێ ببینین، چونکە ئەوکات عەرەب ناچار دەبوون لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق قسە بکەن‌و لەبەر رۆشنایی ئەو گفتوگۆیەدا سیاسەت‌و ستراتیژی خۆیان دابنێن، ئەوکاتیش جیهانی عەرەبی زیاتر تەفاعول‌و تەعامولی لەگەڵ کورد دەبـوو، کوردیش بەهەمانشێوە، ئەوەش دەکەوتە ئەستۆی سەرکردایەتی کورد، کە چەند دەیتوانی لەو بـوارەدا ئیش بکات‌و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دابین بکات.

**رۆژنامە: ئێوە وەک کەسایەتییەکی کـــوردی کـاریـگـەرو نــــاوداری جیهانی عەرەبی، چیتانکردووە بۆ درووستبوونی پەیوەندییەکی لەوجۆرە ؟**

– پێش ئەوەی رژێمی سەدام حسێن بڕوخێت، پڕۆژەیەکم ئامادەکردو گەیشتە دەستی زۆربــەی ئەمیرو گەورەکانی عــەرەب، داوامکردبوو دانیشتن بکرێت لەگەڵ پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی عێراق دیاریبکرێت.

ئـەگـەر مـەرجـەعـیـەتـمـان عێراقی نەبوایە، دەمانتوانی لایەنی سێیەم بهێنینە نــاو ململانێ‌و ناکۆکییەکان‌و ئەوکات چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسانتر دەبوو. بۆ نموونە، ئەگەر لایەنی سێیەم هەبوایە بۆ چاودێریکردنی مادەی (١٤٠)، ئەو کات شکاتی خۆمان لەوێ دەکردو ئەوەش باشتر بوو بەو مەرجەی کە بمانویستایە سوودی لێببینین‌و بشمانزانیایە چۆن سوودی لێ ببینین.

**رۆژنامە: هۆکاری ئـەوە چی بوو کە سەرکردەو میرەکانی عەرەب بەدەم ئەو پڕۆژەیەو هیچ پڕۆژەیەکی دیکەوە نەچوون، لەکاتێکدا خۆرئاوا چەند ساڵێک پێش ڕووخانی رژێمی بەعس، خۆی بۆ ئەو واقیعە ئامادەکردبوو؟**

– بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە جیهانی عەرەبی بەرژەوەندییەکی بەو جۆرەی نییە کە هەموویان لەسەری رێکبکەون‌و بۆچوونێکی هاوبەشیان هەبێت لەسەری. ئێستا زۆربەیان تەنیا سەیری بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن‌و متمانەیان بە یەکتری نییە، جگە لەوەش دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانیان هیچ کێشەیەکیان نەبووەو ئیشیان بە باشی رۆیشتووە بەڕێوە، وا دەزانـن کە ئەوە هەروا دەمێنێتەوە، بەڵام وا نییە. خودا دەفەرموویت **«والارض وضعها للانام»**. ئەم زەوییە بۆ هەموو مرۆڤایەتییەو ئەگەر کۆمەڵێک لە خەڵک لە ئیسراحەتدا بوون‌و ئەوانی دیکە لە کێشەدا بوون، وا مەزانە ئەو ئیسراحەتە هەمیشەییەو کێشەکان رووی تێناکەن. ئەمرۆ بێت، سبەی یان دوو سبەی، ئەو کێشانە بڵاودەکات‌و یەخەی خەڵکە ئیسراحەتەکەش دەگرێت.

**رۆژنامە: ئێران ئەو کێشانە بڵاودەکاتەوە تا یەخەی عەرەبە ئیسراحەتەکان بگرێت، یان ئەمریکا؟**

– هـەریـەک لـە ئـێـران‌و ئەمریکا بەرژەوەندیی خۆیان هەیە، من هیچ کات رەخنە لە ئەمریکاو ئێران ناگرم کە چی دەکەن‌و چی ناکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئێمەی کـورد چی دەکەین، عێراق چی دەکات، عەرەب چی دەکات.. مەفهومێکی قورئانی هەیە کە دەفەرموێت، «تاوانی خۆتان مەخەنە گەردنی بەرامبەرەکانتان»، نموونەش بە شەڕی ئحود دەهێنێتەوە.

زۆرجـار سەرکردەکانی ئێمە باسی ئەوە دەکەن، کە ئەمریکا نەیهێشت، عێراق وایکرد، حکومەتەکانی دەرودراوســێ وا مامەڵە دەکەن، بەڵام دەبێت بپرسین ئەی خۆمان چیمانکرد.

**رۆژنامە: لایەنی سێیەم کە بەفیعلی لایەنی سێیەم بێت‌و کێشەکانی ببرێتە بەردەم، لەنێوان کوردو عەرەبدا لە عێراقدا نییە، نە ئەمیرو سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەوەیان کـرد، نە لە ئێستادا ئەمریکاییەکانیش ئەوە دەکەن، لەحاڵەتێکدا ئەگەر هەبوایە، سلبیات‌و ئیجابیاتی لایەنی سێیەم چی بوو؟**

– ئەگەر هەبێت، هەندێکجار سلبیەو هەندێکجاریش ئیجابییە، بەڵام سلبیبوون‌و ئیجابیبوونی لایەنی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ تواناو شارەزایی ئێمە لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا. بۆ ئێمەی کورد کە لە ململانێداین، سیاسەت بریتییە لـە ئـیـدارەکـردنـی ملاملانێکەو سوود وەرگرتن لە بۆشاییەک لەملاو بۆشاییەک لەولاو لەدەستنەدانی فرسەت، چونکە ئەگەر فرسەت لەدەست بدەیت، جارێکی دیکە بۆت ناگەڕێتەوە. لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر لایەنی سێیەم هەبوایە، دەبوو ئەوەمان بپرسیایە کە ئایا توانیومانە حەقیقەتی کێشەی خۆمان بگەیەنین بە میللەتەکانی چواردەورمان کە بمانەوێت‌و نەمانەوێت، هەموو موسڵمانن، ئایا چۆن مامەڵەمان لەگەڵ کردوون؟ چونکە کاری سەرەتاو سەرەکیمان ئەوەیە کە دەبێت ئەمانە قەناعەت پێبکەین، جگە لەوەش دەبێت ئێمە ئیستسماری قوەتی خۆمان بکەین‌و ئیستغلال‌و ئیستسماری ئەوەش بکەین کە لایەنی دووەم لاوازە.

**رۆژنامە: بۆچوونت لەسەر ئەو واقیعەی ئێستا چییە؟**

– ئێمە تا پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا پتەوتربێت باشترە، چونکە بەپێی دەستوور ئێمە بەشێکین لە عێراق، جگە لەوەش لە مێژووی عێراقدا یەکەمجارە کە رێکدەکەوێت سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوەی عێراق کورد بن. واتە ناوەوەو دەرەوە هەردوو بە دەستی کوردەوەن.

**رۆژنـــامـــە: ئـەو کێشانەی رۆژانـــە لە میدیاکاندا باسدەکرێن لەنێوان عێراق‌و کوردستاندا، ئایا کێشەی سەرکردەکانە یان نێوان نەتەوەکانە؟**

– ناتوانم بڵێم کێشەی نێوان نەتەوەکانە، بەڵام ئەوانیش کاریگەرییان هەیە، چونکە تا ئێستاش زۆربەی گەلی عەرەب رازی نین بە مافەکانی گەلی کـوردو ئێمەش نەمانتوانیوە ئەو قەناعەتەیان پێ بکەین. جــاری وا هــەبــووە کۆمەڵێک شتمان ئیسارەکردووە کە ئەولەویاتی ئیشەکان نەبووە. بۆ نموونە، ئایا ئێمە شەڕ لە سەر شوێنی نەوتەکە بکەین کە کەرکوکە، یان شەڕ بکەین لە سەر یاسای نەوت؟ ئایا ئەوە سوودی هەیە، ئیسارەی ئەوە بکەین کە دەبینە دەوڵەت‌و ئەمەو ئەوە دەکەین، یان حەقیقەتەکە بڵێین کە ئێستا بەشێکین لە عێراق.. زمانی ئیسارەکردن بۆ لاواز باشە.

لای من زمانی عەمەلێکی سیاسیی موتتقەن لەگەڵ خۆ بەلاواز پیشاندان بۆ کورد باشە. بۆنموونە، جولەکە (٣٠٠)بۆمبی ئەتۆمی هەیە، کەچی هـەر خۆیان بە مەزڵوم‌و لاواز پیشاندەدەن. بەردەوام باسی ئەوە دەکەن کە چەند ملیۆنێکن‌و لەبەردەم هەڕەشەی عـەرەبـدان‌و ئەمنییەتیان لە مەترسیدایە. لە دوای هۆلۆکۆستەوە لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە تا ئێستا جولەکە هەر خەریکی شیوەنە بۆ مەزڵومیەتی خۆی‌و وازیش لەو سیاسەتە ناهێنێت، بەڵام ئایا ئێمە چیمانکرد بۆ هۆلۆکۆستی هەڵەبجەو ئەنفال، ئایا بۆی دەگرێین یان خەریکی هەڵپەڕکێ‌و سەماین؟ بە رای من گەلی کورد پێویستی بە رۆشنبیرییەکی قوڵ هەیە، بۆئەوەی بزانێت چۆن دەگاتە مافەکانی خۆی.

**رۆژنامە: لەم کاتەدا، جەدوا ئابووریی‌و سیاسییەکەی ناردنەدەرەوەی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە چییە؟**

– لەڕووی ئیعلامییەوە ئەوە شتێکی زۆر خۆشە کە کوردستان نەوتی خۆی بنیرێتەوە دەرەوە، بەڵام لـەڕووی سیاسییەوە وا دەزانم کێشەمان بۆ دروستدەکات، چونکە ئەوە دەچێتەوە سەر سیاسەتی (ئیستیزعافی زاهیری لەگەڵ قوەتی داخلی، یان سیاسەتی ئیستیقوای زاهیری لەگەڵ زوعفی داخلی)، ناردنەدەرەوەی نەوت لەم کاتەدا هەر لەو جوزئەیە. وا نازانم ناردنەدەرەوەی نەوت جەدوا ئابوورییەکەی بەوجۆرە بێت، تا ئەو شەڕەی لەسەر بکرێت، چونکە پارەکە دەچێتەوە بانکی مەرکەزی لە بەغدا. رای من ئەوەیە کە دەبوو لەم قۆناغەدا چاوەڕوانی ئەوە بین چارەسەری کێشەکانی خۆمان بکەین، بێئەوەی ئیسارەی کەسی دیکە بکەین.. دوو بیری نەوت‌و ناردنەدەرەوەی، بــەراورد بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و هەموو کێشەکانی دیکە، ئەو ئەهمییەتەی نییە. تۆ کاتێک ناردنەدەرەوەی نەوت بەراورد دەکەیت بەوەی ئیسارەی هەموو رای جیهانی دەکـەیـت، بـەوەی کوردستان دەیەوێت ببێتە دەوڵـەت، ئەو کاتیش ئەوان ناهێڵن کەرکوک بگەڕێتەوە سەر کوردستان کە هەمووی نەوتە، بۆ ئەوەی نەبینە حکومەت، بەڵام ئەگەر بە سیاسەتی زوعفی زاهیری‌و قوەی داخلی ئیش بکەین، ئەوە لەبەرژەوەندیماندایە.

**دوو بیری نەوت‌و ناردنە دەرەوەی نەوتەکەی، بەراورد بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک‌و هەموو کێشەکانی دیکە، ئەو ئەهمییەتەی نییە**

## (٥٣٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستدەکرێت

**محەمەد سالّح حەمەلاو**

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند: «حکومەت لە هەولی ئەوەدایە زیاتر لە ٥٠٠هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکات‌و دابەشبکرێت بەسەر هاولاّتییاندا».

لەمیانەی لێدوانێکیدا لە ناوەندی راگەیاندنی نیشتمانی لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەلّ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووساندا نوری مالیکی ئاماژەی بەوەکرد، وێرای بوونی قەیرانی دارایی جیهانی‌و کاریگەریی ئەو قەیرانە بۆ سەر عێراق، بەلاّم حکومەت کار بۆ ئەوە دەکات ژمارەیەک پرۆژەی گەورە لە بواری خانووبەرەدا دروستبکرێت.

وتیشی: «لەو رووەوە لە بەرنامەی حکومەتدایە (٥٣٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکرێت‌و لە داهاتوودا ئەو یەکانە دابەشبکرێت بەسەر هاولاّتییاندا، کە بڕی (٢٥) ملیار دۆلاری بۆ تەرخاندەکرێت، ئەوە جگە لەوەی بەرەوپێشبردنی کەرتەکانی دیکەش لە بەرنامەکەی کاری حکومەتدایە».



## رێگە بە فرۆشتنی قەبالّەکانی عێراق نادرێت

**محەمەد سالّح حەمەلاو**

بۆ برەوداِن بە بواری کارەبا، حکومەتی عێراق پەنا بۆ فرۆشتنی قەبالەی گەنجینەکان دەبات‌و ئەنجومەنی نوێنەرانیش رێگەی پێنادات.

سالی (٢٠٠٨) بە مەبەستی زیادکردنی وزەی کارەبای عێراق بە رێژەی (٩) هەزار مێگاوات، حکومەتی عێراق گرێبەستێکی چەند ملیار دۆلاریی لەگەلّ هەردوو کۆمپانیای جەنەراِلّ ئەلەکتریک‌و سیمنسدا ئەنجامدا، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەش حکومەت پەنا بۆ فرۆشتنی قەبالەی گەنجینەکانی عێراق دەبات، بەلاّم لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە رێگەی پێنادرێت.

مزر قاسم، گەورە راوێژکاری بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاند: «عێراق فرۆشتنی قەبالەی گەنجینەکانی راگرتووە کە نرخەکەی (٣) ملیار دۆلارە، کە دەتوانرا کێشەکانی کارەبای پێچارەسەربکرێت».

وتیشی: «لەجیاتی ئەوە عێراق هەولّدەدات ئەو پارەیە لەرێگەی قەرزکردن لە بانکە ناوخۆییەکانەوە چارەسەربکات‌و وابڕیارە بڕی (٢) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکانی کارەبا تەرخانبکرێت.

ماوەیەک لەمەوبەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، رەخنەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرت، بەوەیِ کە ئەنجومەنی نوێنەران رازینەبوون یاسای فرۆشتنی قەوالەکان پەسەندبکرێت.

## باج لەسەر شوتی‌و کالّەک‌و خەیار لابرا

**عەبدولرِەحمان عەلی رەزا**

کەمیی‌و پڕنەکردنەوەی پێداویستی بازاڕەکان، هەرێم ناچاردەکات باج لەسەر هاوردەکردنی بەروبوومی سەوزەو میوە لەدەرەوە هەلبگرێت.

ماوەیەکە گرانیی نرخی سەوزەو میوە بازاڕەکانی هەرێمی گرتووەتەوەو بەروبوومە ناوخۆییەکانیش لەتوانایاندا نییە پێداویستی رۆژانەی بازاڕەکان دابین بکەن.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەخالی سنووریی گومرکی باشماخەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی نوسراوێک کە بەڕێوەبەرێتی گشتی کشتوکاڵ ئاراستەی بەڕێوەبەرێتی گشتی گومرکی کردووە، ئاماژە بەوەکراوە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سەوزەو میوەو پڕنەکردنەوەی ئەو بۆشاییە بە بەرهەمی ناوخۆیی، داوا لە بەڕێوەبەرێتی گومرک کراوە باج لەسەر شوتی‌و کالەک‌و خەیار هەلبگیرێت‌و رێگە بە بازرگانەکان بدرێت لەمەودوا ئەوبەرهەمانە بێ گومرککردن هاوردەی هەرێم بکەن.

سەرچاوەکە وتیشی: «ئەو بڕیارە چەند رۆژێکە کاری پێدەکرێت‌و تا کاتێکیش بەرهەمە ناوخۆییەکان دەتوانن بازاڕەکانی هەرێم بە بوونی ئەو بەروبوومانە پڕبکەنەوە، بڕیارەکە کاری پێدەکرێت».

جێگەی ئاماژە پێدانە هەفتەی رابردووش باج لەسەر هێنانی پەتاتە بۆ ناوەوەی هەرێم لابرا.

# چەند قسەیەک لەبارەی کردنەوەی پرۆژەی کێلّگەی نەوتی خۆرمالەو پالاّوگەی هەولێر

**جەمال ئەمین**

لە وتارێکدا لە بەرواری (٢٠٠٩/٧/١٨) لە هەولێر، بەبۆنەی کردنەوەی پرۆژەی کێلّگەی نەوتی خۆرمالەو پالاّوگەی هەولێر، بەرپرسێکی بالاّی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی رۆژنامەییدا: (لە وێب سایتی حکومەتی هەرێم www.krg.org بلاّوکراوەتەوە) رایگەیاند: من لێرەدا دەمەوێت بە هەندێک روونکردنەوەی زانستیی وەلاّمی بدەمەوە:

١- ئەمرۆ پالاّوگەیەکی نەوت بەتوانای (٧٥) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دەکەینەوە.

**وەلاّم: بەپێی نەخشەی سەرەکی پالاّوگەی هەولێر کە ئامادەکراوە لەلایەن (شرکة المشاریع النفطیة/ وزارة النفط العراقیة)، کە توانای هەردوو یەکەی ئەو پالاّوگە لە بیست هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاتر نییە، ئەگەر نەوتی خامی کەرکوک کە (API)ەکەی سیوپێنجە بەکارهێنرا، بەلاّم ئەگەر نەوتی خامی خورمالە بەکارهێنرا، کە (API)ەکەی لە سیوپێنج زیاترە، توانای بەرهەمهێنانی پالاّوگەکە کەمدەکاتەوەو لەبەر هەندێک هۆکاری هونەریی کە باسکردنی روونکردنەوەیەکی زۆری دەوێت.**

٢- کێلّگەی خورمالەو پالاّوگەی هەولێر پرۆژەیەکی تەواوکەر (متکامل) دەستپێدەکات، بە دەرهێنانی نەوت‌و کۆتاییدێت بە دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان وەکو (نەوتی سپی، گازوایل، بەنزین، غاز... لەگەلّ هەندێک بەرهەمی دیکە).

**وەلاّم: ئەوەی لەم پالاّوگە بەرهەمدێت لە ئێستادا لە نەوتی سپی‌و گازوایل تێناپەرێت، بەلاّم ئەوەی کە دەوترێت لەسەر بەرهەمهێنانی بەنزین دوورە لە راستییەوە، لەبەرئەوەی بەرهەمی پالاّوگە بریتییە لە (نەفپا)، کە ناتوانرێت بە بەنزین دابنرێت لەبەر کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کارپێکردنی ئۆتۆمبێل بەتایبەتی ئۆتۆمبێلی مۆدیل بەرز.**

**نەفپا مادەیەکی سەرەتاییە بۆ دروستکردنی بەنزین لە کارگەیەکدا کە پێیدەوترێت یەکەی چارەسەرکردنی بەنزین (وحدة تحسین البنزین) کە تائێستا لەناو پالاّوگەدا دانەنراوە.**

**ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە بنی تاوەر پێیدەوترێت نەوتی رەش (النفط السود) ناتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت لە ئێستادا لەبەر نەبوونی ئەو یەکانەی کە دەتوانرێت بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە دروستبکاتەوە، وەک (رۆنی ئۆتۆمبیل بەگشتیی، گریس، هایدرۆلیک، مۆم ...هتد).**

٣- ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی زۆر پێشکەوتوو بنیادنراوە، کە هاوڕێی ژینگەیەو هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە لەسەر ژینگە.

**وەلاّم: ئەم پرۆژەیە ناتوانرێت بە هاوڕێی ژینگە دابنرێت، لەبەرئەوەی دەستپێدەکات بە سووتاندنی سووتەمەنی بۆ گەرمکردنی نەوتی خاو لە فڕن‌و کۆتاییدێت بە سووتاندنی غازەکان لە مەشخەلّەکەدا (الشعلة، الفلێر) کە رێژەی لە (١-٢٪)ی نەوتە خامەکە پێکدێنێت، کە دەکاتە (٢٠٠-٤٠٠) بەرمیل لە رۆژێکدا، هەموو رۆژێکی هەفتە هەتا پالاّوگە لە کارکردندا بێت‌و لە هەندێک کاتدا کە پالاّوگە دەوەستێت کتوپڕ یان خشتە بۆ دانراو، بڕێک لەبەرهەمە نەوتییەکان دەسووتێنرێت لە چالّی سووتاندندا.**

**هەروەها نەبوونی یەکەی چاکسازیی ئاوی بەکارهاتوو (Waste water treatment)** لە پالاّوگەی هەولێر وا دەکات ئەم پرۆژەیە بە هەموو شێوەیەک دور بێت لە پێوەرەکانی هاوڕێی ژینگە، هەروەها ئەم پالاّوگەیە ناتوانرێت بە پالاّوگەیەکی پێشکەوتوو دابنرێت، چونکە نەخشەکراوە بەپێی نەخشەسازیی کۆمپانیای هاوبێکەری ئەمریکی لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بەکارهاتووە.**

٤- ئەم پالاّوگەیە لە توانایدا هەیە بەرهەمە نەوتییە گرنگەکان دابینبکات، کە یارمەتیمان دەدات پشت نەبەستین بە بەرهەمە نەوتییە هاوردەکان.

**وەلاّم: ئەگەر وامان دانا ئەم پالاّوگەیە کاردەکات بە بەرزترین توانای بەرهەمهێنان، کە دەکاتە (٢٠٠٠٠) بەرمیل لە رۆژێکداو (یەک بەرمیلی ستاندارد = ١٦٠لیتر)، کەواتە دەتوانێت (٣٢٠٠٠٠٠) لیتر لە رۆژێکدا نەوتی خاو بپالێوێت‌و دابەشدەبێت بەمجۆرەی لای خوارەوە:**

| بەرهەم | رێژە | لیتر |
|---|---|---|
| نەوتی سپی | ٢٢٥ | ٧٢٠٠٠٠ |
| گازوایل | ٢٨٪ | ٨٩٦٠٠٠ |
| نەفپا | ٣٢٪ | ١٠٢٤٠٠٠ |
| نەوتی رەش | ١٦,٣٧٪ | ٥٢٣٨٤٠ |
| غازات | | |
| کە دەسووتێنرێت | ١,١٣٪ | ٣٦١٦٠ |

**تێبینی: ئەم رێژانەی سەرەوە شیکردنەوەی نەوتی خامی شیواشۆکە، کە لە تاقیگەی هێزی ئەمریکی کراوە.**

بەراوردکردنی پێداویستییەکانی هەرسێ پارێزگای هەرێم (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بەپێی دوا لێکۆلّینەوەی (الهیئة الشمالیة/ شرکة توزیع المنتجات النفطیة/وزارة النفط العراقیة) کە لە بەرواری (٢٠٠٩/٦/٢٩) کراوە، تێیدا بڕی پێداویستی هەرسێ پارێزگای هەرێم دیاریکراوە لە بەرهەمە نەوتییەکان، لەم خشتەیەی خوارەوەدا کە لەوانەیە کەمتربێت لە بڕی پێداویستی راستەقینەی هەرێم بە بەراوردکردن لەنێوان خشتەی بەرهەمە نەوتییەکانی پالاّوگەی هەولێر لەگەلّ خشتەی پێداویستییەکانی هەرێم (بێجگە لە کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم) بۆ بەرهەمە نەوتییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم پالاّوگەیە لەتوانایدا نییە پێداویستییەکانی هەرێم دابینبکات بەتوانای بەرهەمهێنانی ئێستا، ئەگەر لەسالێکدا (٣٦٥) رۆژ کاربکات بەبێ وەستان.

| پارێزگا | بەنزین - لیترارۆژ | گازویل- لیترارۆژ | نەوتی سپی/لیتر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1786000 | 2196000 | 1821000 | |
| سلێمانی | 1543000 | 1000000 | 2632000 | |
| دهۆك | 1010000 | 740000 | 1218000 | |
| کۆ | 4339000 | 3936000 | 5671000 | |
| بەرهەمی پالاّوگەی هەولێر | صفر | 896000 | 720000 | |
| کورت هێنان | 4339000 | 3040000 | 4951000 | |

٥. ئەم پرۆژەیە گەلێک پێشکەوتووە لە رووی چۆنێتی بنیادنان‌و کارە هونەرییەکانی.

**وەلاّم: بەپێی ئەزموونی خۆم لە بواری پالاّوگەدا ناتوانم هیچ روویەکی پێشکەوتن لەم پالاّوگەیەدا ببینم، نە لە رووی چۆنێتی بنیادنان، نە لەرووی هونەرییەوە، چونکە بنیادنان‌و تەکنیکی تێناپەرێت لەوەی کە بەکارهاتووە لە سالاّنی شەستەکانی سەدەی رابردوو وەکو ئاماژەم پێکردووە لە برگەی سێ.**

٦. ئەوانەی بە هەنگاوەکانیان توانیویانە سەدان هەلی کار بۆ کرێکارو هونەریی‌و ئەندازیاری ناوخۆ دابین بکەن، لەم پرۆژەیەدا بە تەنیا نزیکەی دوو هەزار کەس لە کارمەندو ئەندازیار لە هەرێمی کوردستان‌و عێراق کاردەکەن تیایدا.

**وەلاّم: من لەو باوەڕەدام کە پالاّوگەیەک بەم توانای بەرهەمهێنانی ئێستای لە (٢٠٠) کەس زیاتری پێویست نییە بە باخەوان‌و کارمەندی کارگوزارو چێشتخانەشەوە، بەلاّم ئەگەر کارمەندانی کێلّگەی خورمالەش ئەژمار بکەین لەگەلێدا کۆی گشتیی لە (٢٥٠) کەس زیاتری پێویست نییە، لەو باوەڕەدام کە خالّێک بەزیادە دانراوە بۆ (٢٠٠)ەکە کراوە بە (٢٠٠٠) بەهەلّە.**

٧. هەولّدەدەین هاوکاریی وەبەرهێنەری بیانی‌و ناوخۆیی بکەین، پیشانی دەدەین دەستپێشخەریمان بۆ کەرتی تایبەت لە دابینکردنی سەرمایەگوزاری پێویست‌و تەکنەلۆژیا بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

**وەلاّم: بڕوام وایە کە پێداویستییەکانی هەرێم بە لە بەرچاوگرتنی زیادبوونی رێژەی پێداویستییەکان لە (١٠) سالّی داهاتوودا، پێویستمان بە پالاّوگەیەکە کە بڕی (١٠٠-١٥٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا (وەک قۆناغی یەکەم) بۆ هەرسێ پارێزگای ئێستای هەرێم، ئەگەر ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم بخەینەسەر، ئەوە ئەم ژمارەیە بە رێژەیەکی بەرچاو زۆر زیاد دەکات.**

**ئەو پالاّوگەیە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە پێویستی بە بڕی (١,٥ - ٢) ملیار دۆلار هەیە لە ئەمڕۆداو لەماوەی (٢-٤) سالّ بۆ تەواوکردنی کارەکانی.**

**ئەم بڕە پارەیە لە توانای هیچ وەبەرهێنەرێکی ناوخۆییدا نییە، وەبەرهێنەری ناوخۆیی لە ئێستادا تەنیا بیر لە قازانجی خێرا دەکاتەوە.**

**لەبارەی وەبەرهێنەری بیانییەوە باوەڕناکەم هیچ وەبەرهێنەرێکی بیانی ژیر بیر لە وەبەرهێنان بکاتەوە لە بواری پالاّوتن لە هەرێم، ئەویش بەهۆی گەندەلّیی کارگێڕیی بەربلاّوو کاریگەریی هەندێک دەستی دەرەکی، لەگەلّ نادیاریی ئەو یاسایانەی کە گرەنتی وەبەرهێنانێکی وا گەورە دەکات، دەربارەی وتەی ئەو بەرپرسەی بالاّی هەرێم لە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت لە بواری پیشەسازیی نەوتدا، تەنیا پالاّوگەی نەوتی هەولێر کە دراوە بە کۆمپانیای (کار) کە هی (پ.د.ک)ە، پالاّوگەی نەوتی سلێمانی\ بازیان دراوە بە کۆمپانیای (نۆکان) کە هی (ی.ن.ک)ە، ئەمەش دوای ئەوەی کە بە رێژەی (٧٥-٨٠٪)ی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای (سیدکۆ/ وەزارەتی پیشەسازیی عێراقی)ەوە کراوە، کە لەسەر بودجەی عێراقی فیدراِلّ‌و هەرێم دروستکراوە.**

**لەگەلّ ئەوەشدا کە چاودێریی‌و بەدواداچوون لەسەر بەرهەمە نەوتییەکان لە بازاڕەکانی هەرێمداو بەراوردکردنی مواسەفاتەکانی لەگەلّ مواسەفاتی ستانداردی جیهانی دەرنەچێت، کاری بەڕێوەبەرێتییەکانی حکومەتی هەرێمە.**


٨. توانیمان بگەینە قۆناغی ئیشپێکردن لەماوەی حەوت مانگدا.

**وەلاّم: لەکاتێکدا کە زۆربەی شارەزایانی بواری نەوت لە هەرێم دەزانن کە کۆمپانیای سیدکۆ/ وەزارەتی پیشەسازیی عێراق دەستی کرد بە کارکردن لە هەردوو پالاّوگەی هەولێرو سلێمانی/ بازیان، لەسالّی (٢٠٠٥) لە سەردەمی وەزیری پێشووی نەوت، محەمەد بەحر علومو لەسەر بودجەی حکومەتی فیدرالّی پێش ئەوەی رێژەی (١٧٪)ی هەرێم جیا بکرێتەوە، لە پاشاندا گواستنەوەی سەرفکردنی (تمویل)ی تێچوونەکان لەلایەن حکومەتی فیدرالّییەوە بۆ حکومەتی هەرێم، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو لە تەواونەکردنی پرۆژەکان‌و بەخشینی بە کۆمپانیاکانی (کار)و (نۆکان).**

**لەکۆتاییدا تیشکخستنە سەر بابەتی پالاّوتنی نەوت لە هەرێمدا، داوا لە بەرپرسان دەکەم کە راستەقینە بیر لە دروستکردنی پالاّوگەی گەورە بە ستانداردی جیهانی بکەنەوە لەلایەن کەرتی حکومیی (گشتی)، نەک لەلایەن کەرتی تایبەتی ناوخۆیی‌و بیانییەوە بۆ دروستکردنی پایەیەکی ئابووری زۆر گرنگ، کە لە توانایدا هەیە بڕێکی زۆری گەنجی بێکار کاری تێدابکەن‌و ئەولەویەت بدرێت بە پالاّوتنی نەوتی هەرێم، وەک لە وتاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد، کە توانای بەرهەمهێنانی لە (٢٠٠٠) جۆر زیاتر هەیە لەبەرهەمە نەوتییەکان.**



# لەبارەی (دیکتاموکراتییەت)ەوە



ڤینۆس فایەق

**(٢-٢)**

**«خەون بە ئاڵا، خەون بە سنوور.. خەونیشمان نەماوە تا لێی بترسین ئێمەی بە ترس گۆشکراو... تۆوی کام سەرووەریی بچێنین»[١]**

وشەی (دیکتاموکراتی) وشەیەکە لە دوو وشە لەیەکمداوە، بریتین دیموکراتییەتو دیکتاتۆریەت کە لای من ئەو حاڵەتەیە کە نە دیموکراتیەتەو نە دیکتاتۆریەت، ئەو وشەیە پێناسەی ئەو دۆخەدەکات کە حیزبەکانیی کوردستانی تێدایە، ئەو حیزبانەی بە حوکمی ئـەوەی دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی خەباتیانکردووەو هاتوونەتە سەر خەراباتی ئەو دەسەڵاتە، دژ بە پرنسیپی دیکتاتۆرییەت وەستاونەتەوەو راپەڕینیان کـردووە، بەڵام لەبەرئەوەی خودی ئەو حیزبانە هەتا هەنوکە سیستمی دیموکراتیەتیان وەکو خۆی پێناسەنەکردوەو جێبەجێو پایدەنەکردوە، نزیکبوونەوەیان لـێـی بــەرکــەوتــن روودەدات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان کە قۆرغکردنەوەی دەسەڵات ئامانجە سەرەکییەکەیەتی، کەواتە دەرئەنجام لەوە زۆر باش حاڵی دەبین کە ئەو حیزبانە ئەسڵەن زۆر باش لە پرنسیپی دیموکراتییەت تێگەیشتوون، دەلیل بۆ ئـەوەش ئەوەتا بەربەرەکانیی دەکـەن، چونکە دەزانن دیموکراتییەتی راستەقینە واتا میللەت خۆی حوکمی خۆی بکات.. دیموکراتیەت واتا دەستاودەستکردنی دەسـەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەناو ریزەکانی میللەتدا.. کەواتە ئەوان باش دەزانن دیموکراتییەت مانای چییە، بۆیە نایانەوێت، دواجار هەروەک چۆن خۆیان کودەتایان بەسەر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشخۆیان کرد، ئەمجارەش میللەت هێند هۆشیاربووەتەوە کودەتا بەسەر خۆیاندا بکات.

دەسەڵاتێک لە مـاوەی هـەژدە ساڵی حوکمڕانیدا نەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگە لە کۆیلایەتی رزگـاربـکـاتو پـەرە بە کەسایەتیان بدات، نەتوانێت بنەمایەکی مەعریفیو هۆشیارییەکی نـۆرمـاڵ ببەخشێتە ئەو میللەتە بۆ ئـەوەی لەوە تێبگات بۆچی سەرۆکێک هەڵدەبژێرێت یان هەڵینابژێرێتەوە، ئەو دەسەڵاتە لەو ماوە درێژەدا هیچی نەکردووە.. بێگومان هەموو ئەوەی کە کراوە زەربی سفرنەکراوە، بەڵام هەموو ئەوەی کراوە، لەو خزمەتگزارییە کەمە زۆر کەمەو لەو پرۆژە کەمە زۆر کەمانە، هەر هەمووی نەیانتوانی قەناعەت بە تاکی کورد بکەن لە رۆژی هەڵبژاردندا باوەڕو متمانەی پێ ببەخشنەوە، چونکە ئەو حیزبانە لە رووی دەروونیو مەعنەوییەوە هەر هیچیان بۆ تاک نەکردووە.

باوەڕ ناکەم یاسای هەڵبژاردنەوەی سەرۆکەکان لە دونیادا هەموو چوار ساڵێک هەر وا لە بۆشو بەتاڵییەوە هاتبێت، ئەو یاسایە لە ئاکامی ئەزموونی سەخت لەگەڵ دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دروستکراوە، بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی دیکتاتۆرەکان لە ئەنجامی زۆر مانەوەیان لەسەر کورسی دەســەڵات. تەنانەت ئـەو یاسایەش کە رێگە نادات هیچ سەرۆکێک بۆ دوو خولی سەرۆکایەتی زیاتر خۆی کاندید بکاتەوە، چونکە عەقڵو مەنتیقیش دەڵێن، دوای هـەژدە ساڵ شەعبیەتو گەرموگوڕیی جەماوەریش بۆ ئەو کەسە نامێنێت، بۆ ئەوەشی لەلایەکی دیکە ئەو سەرۆکە ناچارنەبێت لەپێناو مانەوەی خۆی بە خەرجکردنی چەندین ملیۆن دۆلار لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا پەنابەرێتە بەر رێگە ناشەرعیو دەنگکڕینو هەڵخەڵەتاندن، هەڕەشەکردنو نانبڕینو شێوازی نەشیاو ئـەو سەرۆکە بە حورمەتی خۆیەوەو لەکاتێکی گونجادا بچێتە ماڵەوە بە رێزەوە دانیشێتو چیدی کـودەتـاو شـۆڕشو خوێنڕشتنەکان کەمتربنەوەو بە راپەڕینو کودەتاکان سەرۆکەکان لانەبرێن.. ئەمە حیکمەتەکەیە.

دەســتــەواژەی (دیکتاموکراتیەت) چییە، داخوا چەمکە، دۆخە یان دیاردەیە؟ دەسەڵاتێک بە خیتاب واتا بە تیۆر کە بانگەشە بۆ سیستمی دیموکراتی بکات، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعو بە پراکتیک کـرداری دیکتاتۆرانە بەرجەستەبکات ئـەوە هیچ ناوێک هەڵناگرێتو دەبێت بۆ ناوخۆی بگەڕێین، رەنگە لە ئیستادا (دیکتاموکراتی)ەت ئەو ناوە شیاوەبێت، دەسەڵاتێک هەموو دروشمو گوتارەکان لـەبـارەی دیموکراتییەوە زۆر جوان دهۆنێتەوە، بەڵام وەکوو پرۆسەو کردارو بەرجەستەکردن ناتوانێت دەسـت لەو کورسییە هەڵگرێت. بەهەر نرخێک بێت ئەگەر بێکەرامەتکردنی میللەتیش بێت، ئەگەر ترۆکردنی هەموو کۆمەڵگەبێت، ئەگەر بێئەخلاقکردنی هەموو پرنسیپە ئەخلاقییەکانیش بێت، ئەوا بە تەنیا بۆ خاتری ئەوەی دەسەڵاتی لێنەسەنرێتەوە، ئامادەیە میللەتیشی بۆ لەناوبەرێتەوە.

لـە سیماو خەسڵەتەکانی سیستم یــان حـالــەت یــان دۆخ یــان چەمکی (دیکتاموکراتییەت) ئەوەیە دەسـەڵات نەدەتوانێت تـەواو دیموکراتییەت بێت، نەکا رووبەرێکی گونجاو بۆ ئازادییەکان دەستەبەربێت، نەکا هۆشیاریی تاک بگاتە ئاستی ئـەوەی بتوانێت مافی تـەواوی هەڵبژاردنو بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی بەرجەستەبکات، ئەو لەم حاڵەتەدا دەیەوێت دیموکراتخواز بنوێنێت، بەڵام بە مەرجی ئەوەی میللەت لەناو جەهاتدا چەقخواردوو بمێنێت، بۆ ئەوەی زەمانەتی مـانـەوەی بـکـاتو لـە چـاوی میللەتدا تەنیا ئەو ئەو دەسەڵاتە بێت کە دەبێت حوکمڕانی بکات... نە دەشتوانێت تەواو دیکتاتۆربێت، بۆ ئەوەی شەرعییەت بە خەباتی رابـردووی لەدژی دیکتاتۆریەت بـدات، بۆ ئـەوەی بە جیهانی دەرەوەش بڵێت ئەوەتا من دیموکراتخوازمو نیشتمانە کە بە دیموکراتیەت بـەرێـوەدەبـەم.. هەروەها خەسڵەتێکی دیکەی بەرچاو ئەوەیە رووبەرێکی باش بۆ بۆڵەبۆڵو قسەکردنو گلەییو گازندە لەناو هەموو چینو توێژەکاندا بەجێهێڵراوە، بەڵام گوێگرتن نییەو دەسـەڵات باکی بە هیچ نییەو ملی نـاوەو چـاوو گوێچکەی لە دەنگو نارەزایی میللەت ئاخنیوە.. هەروەها دەبینیت ژمارەیەکی بێشومار چاپکراوو بـڵاوکـراوە هـەیـەو دەردەچـــن، کەچی زۆربەی زۆری بە حیسابی حیزبیەکانو لە بودجەی حیزبەکان خەرجیان دەکێشرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەیەکی بێشومار نـووسـەر دروسـتـبـوون کە لە سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا یان کردراون یان لە زینداندان، یان بێدەنگن، بەڵام ئەو دۆخـی (دیکتاموکراتیە)یە وایکردووە ئەو نووسەرانە لە کوردستاندا دابەشبن بەسەر چەند کاتیگۆریەکدا ، لەوانە: ئەو نـووسـەرانـەی بە نـووسـەری حیزبو دەسەڵات دەناسرێن، ئەوانەی دژبوونو ئێستا کردراوی دەسەڵاتن، ئەوانەی کە هەتا ئیستا خۆیان نەداوە بەدەستەوەو توانیویانە دوور بووەستن، هەروەها کاتیگۆریەک کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە گێرەشێوێنو هەڵەوەر ناوزەند دەکرێن، دەرئەنجام دەسەڵات رێگەی داوە خەڵک قسەبکەن بۆ ئەوەی بوترێت دیموکراتییە، بەڵام دەبینیت گوێگرتن نییەو دەسەڵات لە هەموو ئەوەی رۆژانــە دەوتــرێــت بێباکە، ئـەو دۆخی دیکتاموکراتییەتە وایکردووە گومانی لای هەموو کەسەکان دروستکردووە، خوێنەرو نووسەر لەیەکتر بکەونە گومانەوە، تەنانەت لەناو ریزی تاکە سادەکانی کۆمەڵگەشدا، لەناو خودی دەزگا خزمەتگوزارییەکانیشدا دەبینیت کەسانێک هەن دەڵێن دەسەڵات هەموو شتێکی کردووە، کەسانێکی دیکە هەن هێڵی راستو چەپ بە هەموو ئەوەی دەسەڵات کردویەتی دەهێنێت.. دەبینیت بەرپرسەکان لە بەرزەوە بۆ نزم هەموو قسە لە دیموکراتییەت دەکەن، بەڵام بە کردار ناتوانن دەقاودەق دیموکراتیی بن، هەمیشە پێویستیان بە برێک لە دیکتاتۆریەت هەیە بە ئامانجو مەبەستی ئەوەی لە پلەو پایەی خۆیاندا بمێننەوە.

دواجار رەنگە پەیدابوونی ئاراستەی حیزبیو فیکر جیاوازو چەسپاندنی چەمکی ئۆپۆزسیۆن ئەو دەستەواژەیە یەکلابکاتەوە، قەرەبووی غیابی دیموکراتییەتو چەقینی دیکتاتۆریەت بـداتـەوە، چونکە ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن نەیتوانی هەموو ماناکانی چەمکی دیموکراتیەت بە پراکتیک دەستەبەر بکات، ئەگەر لە رۆژێکی مێژوویی وەکو (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا نەتوانرا رێگە لە هەوڵی پێشێلکردنی بە دیموکراتیکردنی پرۆسەکە بگیرێت، ئەوا رەنگە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن ئەو وانەیەمان بداتێ کە دەبوو ئەو رۆژە وەرگیرێت، ئەو دۆخی دیکتاموکراتیەتە زۆر درێژە نەکێشێت...

...دەشێت جارێکی دیکە قوڵتر بگەڕێمەوە سەر باسی دیکتاموکراتیەت...

kurdish@venusfaiq.com

**(١) چەند دێڕێک لە گۆرانییەکی دیاری قەرەداغی**

# دیموکراســـی لەم دەڤـــەرەدا..؟!

یوسف محەمەد

«بەعس» زیاتر لە نیو سەدە، دەسەڵاتو یاسای دەستکردی بەسەر گەلانی عێراقدا.. بە توندوتیژییو جینۆسایدو زیندانو سەرەنێزەی چەک سەپاند، سەرئەنجامی هێزی تاک حیزبایەتی بەرەو کوێی برد، مێژوویەکی قێزەونو بۆگەنی بۆ خۆی بەجێهێشتو گەلانی عێراق بە کوردو عەرەبو... هتد.

لەسەر ئـەرزی (واقـع) خـوازیـاری ئـازادیـیو دیموکراسی بـوونو عێراق بـەرەو دەوڵەتی یاساو دیموکراسی لە دەڤەرەکەدا لە هەنگاو هەڵگرتندایە. هەموو بۆچوونێکی مرۆڤ دۆستانەو دیموکراسی خـوازانـە ئەگەر لـەلایـەن دەسـەڵاتـەوە قبوڵنەکرێت لە ئایندەی نزیکو دووردا وەک دیاردەکەوێت دەسەڵات دەخاتە بەر مەترسیو تەنگەژەوە، رەنگە لە رەگو ریشەوە دەسـەڵات بگۆڕێت، هەرچەند میللەتو گەلان سەرکوت بکرێنو دەنگیان کپبکرێتو گەل لە ئاست زۆر مەسەلەدا بێ دەنگ بکات لە کۆتاییدا، دەنگی کپکراو بە وێنەی (بورکان)ی نارەزایی کڵپە دەکاتو زۆر ئەستەمە دەسـەڵاتو پاوانخوازیی بتوانێ لە ئاستیدا خۆی راگـرێـت، ئەم هەرێمەی ئێمە لەبەر ئەنجامی راپەڕینو تەقینەوەی دەنگی گەل بەرهەم هاتووە، زۆر ئەستەمە بتوانێت تاسەر لەبەردەم دەســەڵاتو تاکڕەویی حیزبیدا خۆی راگرێت...؟!

چونکە گەل پێویستی بە نوێکردنەوەو گۆڕانە لە سیستمو دەسەڵاتو یاساکاندا گەلی زیندووش زۆر ئەستەمە بتوانێ لە بەرامبەر سەرکوتکردنو ستەمدا خۆگرو رازیبێت...؟!!

هەڵبژاردنو پیادەکردنی هەڵبژاردن عورفو عادەتو یاسای دیموکراسی نوێیە. پێویستە گەلان بەرەو سیستمی مۆدێرنو گۆڕانکاریی هاوچەرخ بەرێتو لە خزمەتی سەرجەم تاکی کۆمەڵگەو دەوڵەتو گەلاندا بێت، نەک سیستمو دەســەڵات هەموو دەرفەتەکان بۆ خۆی قۆرغبکاتو دەنگی ئازادیو رادەربڕین کپبکات..؟!

ئەم حاڵەتە زۆر گرانو زەحمەتە بۆ هەتا هەتایە، ئەگەر مەسەلەکانیش بە چەمکە دیموکراسییەکانەوە دوابخات، لە ئایندەدا دیموکراسیو پاشکۆو وابەستەیان بە خۆیانەوە گرێداوەو پێکهێناوەو نە خۆیان دیموکراسییەت پیادە دەکـەن نە لەگەڵ گەشەی دیموکراسیشدان؟! خیانەتیش لە مەسەلە دیموکراسییەکان دەکـەنو بـەرژەوەنـدی تـاک حیزبیان لە سەرو بەرژەوەندی تاکو گەلەوە دانـاوە، ئەم رێکخراوانەش لە ئایندەدا.. بەر دەنگی نەفرەت لێکراوی گەل دەکـەونو دەنگی دیموکراسی خـوازان بە وێنەی حیزبە زۆرکــەس ئــازادیــی دەنـگـدانو هەڵبژاردنی ئازادانەی لێ قۆرغکراوەو ئازاد نییە لە راوبۆچووندا، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش ئەو راستییەی بۆ هەمووان سەلماند وەک کورد دەڵێت: «ئەوەی لەگەڵم نییە دوژمنە»؟!!

دیموکراسی کاتێک بە جوانی پیادە دەکرێتو بوونی خۆی فەراهەمدەکات کە دەسەڵات رێزی بۆچوونی بەرامبەربگرێت، رێگەی ئازادیی تەواو بە تاک بدات، نەک

> **دیموکراسی کاتێک بە جوانی پیادە دەکرێتو بوونی خۆی فەراهەمدەکات کە دەسەڵات رێزی بۆچوونی بەرامبەربگرێت، رێگەی ئازادیی تەواو بە تاک بدات، نەک لێرەو لەوێ بەهۆی پاساوی بێ بناغەوە بیخاتەژێر گوشارەوە**

لێرەو لەوێ بەهۆی پاساوی بێ بناغەوە بیخاتەژێر گوشارەوە.

بینرا لـە زۆر نـاوچـەو دەڤــەردا توندوتیژییو کـردەوەی نامرۆڤانەو نابەجێی یاسایی ئەنجام درا، رێکخراوو کەسایەتیو چـاودێـرە نێودەوڵەتیو میدیاکانیش بەگشتیی ئەم حاڵەتانەیان دیاریکردووەو لە کاویانداوەو نکولی لێناکرێتو لەبەردەم بۆچوونی گشتیدا خۆی دەبینێتەوەو نیشانەی پرسیاری لەبەردەمدا دانراوە...!!

پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەرکو لێپرسراوێتی دەسەڵاتە لەم دەڤـەرەدا دیموکراسی گۆڕ بۆ سیستمی دەسەڵاتی تاک رەوانە هەڵدەبەستێت...؟!!

ئەم دەڤەرە لە سەرەتای هەنگاوناندایە بـەرەو دیـمـوکـراسـی، دروستبوونی رێکخراوی دیموکراسیی سەربەخۆ، ئـەرکو ماندووبوونو بەرپرسیارێتی گرنگی لە ئەستۆ دایە، دەبێت سەرئەنجام هەر بەهۆی ئەو سەربەخۆییەوە، مەسەلە دیموکراسییەکان بەرەو ئاستی باڵا بەرێتو گەلو میللەت لە ئاست کێشەو ململانێکاندا هۆشیاربکاتەوەو خەڵکی دیموکراسخواز بەرهەمبهێنێت.. نەک ئەو حیزبو پارتانەی کە وشـەی دیموکراسیو رێکخراوی دەسەڵاتدارەکانیان بەسەردێنن».

هـەڵـبـژاردنـی (٢٠٠٩/٧/٢٥) ئەو راستییەی نیشاندایین دیموکراسی نەک لەنێو خێزانو تاکی کورددا بە بنبەست گەیشتووە، بەڵکو لەنێو حیزبو کۆمەڵگەی کوردیشدا کۆڵەکەی پتەوی بەهۆی دەسەڵاتەوە نییەو لەبەردەم هەڕەشەی ئیستیبدادیدایە..؟! ئەم حاڵەتەو دیاردەیە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە جگە لەوەی ئازادییەکان بۆ هەمووان لەنێو خێزانی کورددا پاوانکراوە لەنێو خودی (حیزب)و دەرەوەش، دەسەڵات ئازادیو دیموکراسی پاوانکردووە.

لە بەرامبەر گەلدا بە خۆیدا بچێتەوەو هەڵەکانی رابردووی بسڕێتەوەو لە ئەرکو سیستمو دەسەڵاتدا گۆڕانکاری بکات، گـەلو هەلومەرجەکەش وادەخـوازێـت، رێگە بۆ دیموکراسیو ئازادی گەل زیاتر خۆشبکرێتو هەندێک دەهۆڵکوت کە لەژێر باڵی حیزبەکاندا، دەهۆڵ بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکوتنو فرمێسکی تیمساحی دەڕێژنو دەیانەوێت گەل چەواشەبکەنو مـەسـەلـەکـان لـە نـاوخـۆو دەرەوەدا ناشرینبکەن...دەبێت بە خۆیاندا بچنەوەو رێز لەم (واقع)ە بگرن کە لەمڕۆدا هاتووەتە پێشەوە، چونکە بەهۆی دەنگدانو سندوقی دەنگدانەوە، بەدیارکەوت هەر گروپو قــەوارەو حیزبێک زیـادەڕۆیـی بکاتو بەرژەوەندی گەل بخاتە مەترسییەوەو گوشار بۆ ئـازادیو رادەربڕین بێنێتو دەســەڵاتــی پـاوانـخـوازانـەی خۆی جێبەجێبکات دەنگی گـەل کپبکات، لە ئەنجامدا لەسەر سندوقی دەنگدان تاکو گەل پێشتی تێدەکات.

لەم هەلومەرجەو دەڤەرەدا وەک گوترا پێویستە گەل هەموو مافە زەوتکراوەکانی بۆ بگەڕێنرێتەوەو دەسەڵاتو حکومەت بە گەندەڵییو کارە قێزەونو نامرۆڤایەتییەکان کە لەم دەڤەرەدا گوزەردەکەن. بچێتەوەو رێگە چارەو کاری یاسایی بۆ مەسەلە هەنووکەییەکان بدۆزێتەوە، چونکە ئەمڕۆ سەردەمی دەسەڵاتو پاوانخوازیو تاک حیزبیو بۆچوونی سەپێنراو نییە....؟! بەڵکو هەمووما‌ن پێویستمان بە حکومەتو دەسەڵاتی کـراوەو قبوڵکردنی هەموو بیروڕاو بۆچوونە جوانەکان هەیە...!! دەبێت لەو راستییە دوورنەکەوینەوە کە دەبێت حکومەتو دەســەڵات بەوپەڕی لێپرسراوێتییەوە دەنگیو ئەم (واقـع)ە نوێیە قبوڵبکات..؟!

## بۆچی کۆیە بوو بە شاری گۆڕان؟

بڕوا ڕەسوڵ- کۆیە

جارێکیتر شاری کۆیە توانی ببێتەوە پێشەنگی دەستە خوشکەکانی، شاری کۆیە، کە لە مێژوودا توانیویەتی دەیان کەسایەتیو دیاردەی جوان بخوڵقێنێ، کۆیەی خاوەنی حاجی قادرو دلدارو مەلای گەورەو خاڵە تایەرو سێوە ئەم جارەش ناوی خۆی بەجۆرێکی دیکە لە مێژوو تۆمار کـردەوە، جوانترین دیاردەیەک کە پێشکەشی کردین ئەو گەرموگوڕیو بەدەنگەوە هاتنە بوو بۆ گـۆڕان، کە توانی بە دەسـەڵات بڵێ: (من تێکدەر نیم، بەڵکو دەمەوێ کۆمەکت بکەم لە پێناو پێشخستنی وڵاتە پڕ کارەساتەکەمان).

دروووستـبـوونـی بـزووتـنـەوەی جەماوەریی گۆڕان کە سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە، خۆشبەختانە شـاری کۆیەش لێی بێبەش نەبوو، کۆیەش وتـی: «گـەر گـۆڕان نەبێت ئیتر ژیـان مانای نامێنێ» خەڵکی کۆیەی بێزار لە دەسەڵاتی بێ پلان، لە ناعەدالەتیی، لە گەندەڵیو تینووی گـۆڕانو ئازادیی تـاک، بە شێوازە هێمنەکەی بەشدارێکی کاریگەریی گـۆڕان بوو، ئەمجارە خەڵکی کۆیە نەیهێشت چەند کەسێک لەبری ئەو بڕیار بدات.

هـەر لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەوەی کە خەڵکی کۆیە بە گشتیی بێزار دەکرد ئەوە بوو، کە چەند کەسێک لەبری ئەم شارە بڕیاریان دەدا، لەوەش ناخۆشتر هەموو سەروەرییو خێرو بێری ئەم شارە تەنیا بۆ چەند کەسو خێزانێکی کۆیە بوو، من ڕێزو حورمەتم بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە گەر بە وشەیەکیش خزمەتی کێشەی ڕەوای میللەتەکەمی کردبێ، بەڵام دەبێ هەمیشە سەرکردە بە یەک چاو سەیری تاکەکانی گەلەکەی بکاتو خۆی بە خزمەتکاری هەموو ناوچەیەکی وڵاتەکەی بزانێت، نەک شارەکەی یا گوندو گەڕەکەکەی خـۆیو ناکرێ تەنیا کاری ئەوەبێ کە خزمو کەسی خۆی بکات بە دەمڕاستو بەرپرسی میللەتەکەی بـێ لەبەرچاوگرتنی پێوەرە مەعریفیو کۆمەڵایەتییەکانی کەسەکان، هەموو بوارەکانی ژیان لەم شارەدا قۆرغکراوە، گەر نزیکی دەسەڵات نەبی بۆت نییە خوێندنی باڵا تەواو بکەیت، گەر نزیکیش بووی بە ئاستێکی نزمیشەوە ئاساییە، گەر وەک دەسەڵات بیر نەکەیتەوە بۆت نییە هیچ بەرپرسیاریەتێک وەربگریت، بەڵام گەر وەک ئەو بیرتکردەوە دەتوانی ئەگەر لە ئاست ئەو بەرپرساریێتییەش نەبیت... هتد. دیاردەیەکی دیکەی بێزارکەر لەم شارە ئەوەیە، کە بەرپرسە باڵاکان ئەوانەی خۆیان بە ڕۆڵەی کۆیە دەزانن، ئەگەر لە حیزبەکەی ئەودا نەبیت بۆت نییە بەشداریی کۆڕو کۆبوونەوەکانی بـکـەیو بـیـرو بـۆچـوونـی خـۆت ئاراستەیان بکەی، ئەمەش وایکردووە زۆرینەی خەڵکی کۆیە وەک هاوڵاتی پلە دوو ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت بەهۆی حیزبی نەبوونیانەوە، ئەمانەو دەیان جیاوازی دیکەی چینایەتی کە بەڕوونی هەستی پێدەکرێ، ئەوەی کە من باسی دەکەم لە ماوەی کارکردنم لـەنـاو حـیـزبو ڕێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەموویم بە چاوی خۆم بینیوەو خەڵکی کۆیەش شایەتی ئەو ڕاستییەن، هەڵبژاردنی پەرلەمان دەرفەتێکی گونجاو بوو تا دوا بڕیاری خۆمانی تێدا بدەین، بۆیە بە سوود وەرگرتن لە ئامۆژگارییەکەی حاجی قـادری کۆیی کە دەڵـێ: (کـار بکەن وەکو هەنگ تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ ...) لە (٧/٢٥) ویژدانمان خستەسەر نووکی قەڵەمەکانمانو بڕیارماندا، کە دەبێ بیگۆڕین.

# لـيستى جيا يـان دوژمـن؟



چیمەن محەمەد ڕەشید

یەکێک لـەبـنـەمـا سـەرەکـیـیـەکـانـی دیموکراتیو بگرە مەرجی سەرەکییە بۆ بوونی دیموکراتیی فرەییە: فرەیی لە حیزب، لە بۆچوونی سیاسی، لە بۆچوونی ڕۆشنبیریی، لە دیدو تێڕوانینی جیاواز بەرامبەر بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، ڕیکخستنی پەیوەندی ...تاد ئەم فرییە لە سیستمە بەناو دیموکراتییەکاندا تووشی چەندین ڕووبـەڕوبـوونـەوە دەبـێت لە دژایەتیو کۆسپ بۆ دروستکردن، بەڵام لە سیستمە دیموکراتییە ڕاستەقینەکاندا بە بەرهەمی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی «لە نێوان ئاستو پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتدا یان بە «جیاوازی لەپێناو ڕێکەوتن» دا وەسف دەکرێتو ئەم جیاوازییە بەهێزێکی دیکە بۆ وڵات دادەنێنو دەسەڵاتیش بە بنەمای یاسای چەسپیوی دیموکراتی لە وڵاتدا بینای هاوسەنگی دەکاتو دلنەوایی ئۆپۆزسیۆن دەکرێو ڕێزی لێ دەگیرێت، ئەگەر لەناو پەرلەمان بێت یان لە دەرەوەی پەرلەمان.

هەولی زۆر هەیە بۆ بەشداریی ئەو فرەییە لە عێراقی ئەمڕۆدا بەتایبەت بەڕێز تالەبانی ڕۆلی دیارو بەرچاو دەبینێ لە جێکردنەوەی هەموو هێزو بۆچوونەکاندا لەگەڵ جیاوازی زۆریانو تەنانەت بوونی نیشانەی پرسیار لەسەر هەندێکیان! بەڵام هەستکردن بە گرنگیی بەشداربوونی هەموو حیزبو پێکهاتەو گروپەکان بە جیاوازی لە زمانو مەزهەبو هەموو جیاوازییەکانی دیکە، کە لە پێکهاتەی عێراقدا هەیەو کارکردن بۆ بەشداریی هەمووان ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتییە سیاسییەکان بە حکومیو حیزبیو مەرجەعەکانەوە لە عێراقو بەتایبەت خودی تالەبانی بووە لە ژێر دروشمی عێراقی هەمووان، عێراقی دیموکراتی، عێراقی برایەتی، هێزی عێراق لە بەشداربوونی هەموواندایە، عێراق هی هەموانەو بەشداربوونی هەموو لایەنەکان بەسەرکەوتنو سەقامگیریی سیاسی دادەنێن.

بەڵام لە کوردستان ئەمە پێچەوانەوانەیەو مافی بەشداریکردن بۆ دوو حیزبی دەسەڵات بەڕەوادەبینرێتو وەک بینیمان لەدەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە ترسی ئەوەی لە بەرەی گەلو پالپشتێکی میللی هەبوو، چ ڕێگریو کۆسپو پێشێلکارییەک دژ بە دیموکراتیو مافی مرۆڤ کرا هەر لە سەرەتاوە بەناوی ئەوەی حیزب نییە ویسترا مافی بەشداربوونی نەدرێتێ، دوای ئەوە هەڕەشەو توندوتیژییو نانبڕینو ...تاد

ئـەوەی دەسـەڵات بەرامبەر لیستی جیا کردی تـەواو پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراتیو فرەیی بـوو، تەنیا کارو خوێندنەوەی بوو لە دیدی بەرژەوەندی تایبەتی دەسەڵاتدارانو لەدەستدانی هەندێ بەرژەوەندی بە بەشداریی فرەییو بوونی چاودێری ڕاستەقینە لە پەرلەمان هەر لەبەر ئەمەش بوو تەنیا جیاوازییەکانی دەبینیو کاری لەسەر کرد. بەڵام ئایا ئەو تێڕوانینە بۆ ئۆپۆزسیۆنو بە هیچ شێوەیەک کـارنـەکـردن لـەسـەر خـاڵـە هـاوبـەشو لەیەکچووەکانو تەنانەت سەیرکردنی دوژمنانە لە بەرژەوەندی چیو کێدایە؟! ئایا ئەوەی خەمخۆری میللەتو بەرژەوەندییە باڵاکانی بێ ئەوەندە کار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، یان کار بۆ بەشداریکردنی هەموو لایەک دەکات؟

ئێستاش ئـەو ئەنجامەی بەدەست گەیشت «لەگەڵ ڕێوشوێنە نادیموکراتییەکان «بەڵام بە پاڵپشتیکردنی لەلایەن جەماوەری ئازادیخوازو دژ بەگەندەڵیو نادادوەریی لیستی گۆڕان بە تەنیا چارەکی دەنگەکانی کوردستانی بەدەستهێناوەو دەسەڵاتو خودی دوو سەرکردەی ئێستا ڕووبەڕووی چەندین بەرپرسیارێتیو بەخۆداچوونەوەو پرسیاریان دەکاتەوە لەوانە، ئایا ئەوان بۆ سەرۆکایەتیان لە کاتی ئێستادا تەنیا ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتیان بەسە؟ ئایا بەڕێز تالەبانی چۆن لە عێراقدا بە نوێنەری هەموو کورد دادەنـرێـت، لە کاتێکدا ئەم بەشێکی بە دوژمن بزانێت؟ ئایا کاتێ بەناوی کوردەوە لە عێراق یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وتار دەدات مەبەستی هەموو کـوردە ؟ یان ئەو پۆستە سیادیانە لە نەخشەی نوێی سیاسیدا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەتو تەنیا بەڕەزامەندی یەکێتیو پارتی دەبن؟ هەروەها بەڕێز بارزانی چۆن سەرۆکایەتی هەرێم دەکات لە کاتێکدا دوژمنانە ڕەفتار کرا لەگەڵ دەنگو ڕەنگی جیا لە ژێر سایەی سەرۆکایەتی ئەودا؟ ئایا ئەمیش چۆن بەناوی هەمووانەوە وتار دەدات لە کاتێکدا بەشێکی کە بەلای کەمەوە چارەکێکی کـوردی هەرێم دەگرێتەوە بە ناحەزو نەیار بزانێت «ئەمە جگە لە لیستەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵات، کە چاوەڕوان دەکرێت ئۆپۆزسیۆن بن لە توندوتیژیی بە دوور نەبوون»

ئایا ئەوانەی کە بە هەموو شێوەیەک دژایـەتـیـان کـردن کە مەسەلەکە نە خیانەتکردنو میللەت فرۆشتن بوو، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی سەرکردەو کەسانی دیاری ئەو ڕەوتە بوون لە تێکۆشەرانو بەشداربووان بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، نە مەسەلەکە دزیو گەندەڵیی بوو بە پێچەوانەوە داواکاریی ئەو ڕەوتە لە بنچینەدا دژ بە گەندەڵیی بوو، بەڵام بەداخەوە خائینو گەندەڵ جێگەو مەکانیان پارێزراوەو بگرە ڕۆژ بـەڕۆژ دەچنە سـەرەوەی هەرەمی دەسەڵات، بەڵکو تەنیا بە هۆی پراکتیککردنی بنەمایەکی دیموکراتی بوو ئەویش فرەییو لیستی جیا بوو، کە ئەمە قبوڵ نەبوو بەلای دەسەڵاتەوە.

جـگـە لـەوە پـارتـیو یەکێتی حسابی ئەوەیان نەکردووە ڕۆژێک خۆیان ببنە ئۆپۆزسیۆنو خۆیان بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات ئامادە نەکردووەو هەرگیز خۆیان لەو ڕۆڵەدا نابینن، کە ئەمە تـەواو پێچەوانەی دیموکراتییەو لەجیاتی برواهێنان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات کار بۆ مانەوە بکرێت بە هەموو شێوازێکی نادیموکراتی. ئێستاش پرسیارە جدییەکە ئەوەیە، چۆن برینەکان سارێژ دەکرێنو مافە زەوتکراوەکان دەگەڕینرێنەوەو دیموکراتی لە دروشمەوە دەگوازرێتەوە بۆ پراکتیک؟ چۆن ئەو هێزو ڕەنگو دەنگە جـیـاوازانـە بە بـەرژەوەنـدی میللەتەکەمانو دۆزی کـورد بە فرەڕەنگیو فرەدەنگی لە ئاست مەسەلە چارەنوسسازەکانداو شەرعیەتدانی زیاتر بە داواکارییە نەتەوایەتییەکان بە دەنگی دەسـەڵاتو ئۆپۆزسیۆن. ئەویش بە دەستبەرداربوون لە هەندێ لە بەرژەوەندییەکانو سەیرکردنو مامەلەکردنە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەچاوی بیرو بۆچوونو تێڕوانینو ڕا دەربڕین لە لیستو هێزی جیا لە دەسەڵات نەک دوژمن؟

# ئۆپۆزسیۆنو.... ئەرکی داهاتووی

فەرمان ڕەشاد

لە ژیاندا فەلسەفەیەک بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەیانەوێت هەموو کات لە پێشەوە بنو لە ترۆپک بگیرسێنەوە، ئەویش یان دەبێت بیر لە تێکدانی کۆشکی خەڵک بکەنەوە یاخود دەبێت کار لەسەر دروستکردنی کۆشکێکی بەرزتر بکەنەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ژیانی سیاسی کوردی بەدیدەکرێت کارکردنە لەسەر خالی یەکەم، بێگومان وەک بینرا دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، جارێکی دیکە دەنگی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کورتی هێنا، دەستکرا بە لەکەدارکردنو هێرشکردنە سەر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، لە ڕاستیدا ئەو هەوڵەی کە ئەمڕۆ دەسەڵات دەیدات دژ بەو بزووتنەوە تازەیە کە لە گۆڕانو خەڵکانێکی دیکەدا خۆی بەرجەستەدەکات، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە دوو پارتی دەسەڵاتدار هیچ ئومێدێکیان بە بوونی خۆیان نەماوەو دەیانەوێت لەڕێگەی هێرشکردنە سەر ئۆپۆزسیۆن هەژموونی خۆیانی بە زەبری هێز بەسەر خەڵکی سڤیلو قـەوارە بێ چەکەکاندا بسەپێنن. بەپێچەوانەی ئەو دیاردەیەی کە لە جیهاندا بەرچاودەکەوێت لەکاتی شکستی لایەنێک، ئەوا لایەنی شکست خـواردوو کار لەسەر هۆکاری شکست خواردنیان دەکەنو ڕێگەچارە بۆ دووبارە هەستانەوە دادەنێن، بۆ نموونە پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا لەدوای هەڵبژاردنە شارەوانییەکان کاتێک دەنگیان ڕووی لە کەمی کردبوو دانیان بەو ڕاستییەدا ناو دەستیانکرد بەگۆڕانی ڕیشەیی لە پێکاتەی حکومەتیانو چاو خشاندنەوە بە کارنامەو چالاکییەکانیان.

لە ڕاستیدا ئـەوەی ئەمڕۆ بەرامبەر گۆڕانو خەڵکانێکی دیکە دەکرێت تەنیا لەو وڵاتانە بەرچاو دەکەوێت کە بانگەشەی بێ ناوەڕۆکی دیموکراتیو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، باشە سوێندانی ئەندامو لایەنگرانیان بە تەلاق لە کوێی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جێگەی دەبێتەوە؟

ئـەوەی ئەمڕۆ بەرامبەر نوێخوازان دەکرێت شتێکی تۆکمەیەو بە مادەیەکی زۆر پالپشتی دەکرێت، بۆیە پێویستی بـە سـتـراتـیـژیـەتو واقیعبینیەتو وەلامدانەوەیەکی وردو کارکردنێکی ماندوو نەناسانە هەیەو قوربانیدانی دەوێت.

دەسـەڵات دوای بەڕێکردنی قۆناغی بانگشەو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانو بەکارهێنانی چەندین کارتی فشارو چاوسوورکردنەوەو نانبڕینو جۆرەهای دیکە، کەچی نەیتوانی گـورزی کاریگەر لەو بزووتنەوەیە بدات، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە دەسەڵات لێرەوە دەستبەرداری هەوڵەکان دەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ئێستادا فشارەکان زیاتردەکات، یەکێک لەو کارتانەی کە ئێستا خەریکە دەیخەنە کار، شوبهاندنی ئەو بزووتنەوەیە بە هەڵچوونێکی کاتیو پێیانوایە دەتوانن جارێکی دیکە ئەو خەلکە ساردبکەنەوەو قەلەم ئاسا بیخەنەوە سەر باخەڵیان، ئەوان دەیانەوێت نوێخوازان بەراورد بکەن لەگەڵ پارتێکی سویدی کە لە یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی سوید بانگەشەی زۆر زەقی بەرزکردەوەو لە ماوەیەکی کەمدا توانی شەش لە کورسییەکانی پەرلەمان بۆ خۆی مسۆگەربکات، کەچی لە پەرلەمان نەیانتوانی کارێکی ئەوتۆ بکەن، بۆیە لە هەڵبژاردنی دواتر تەنانەت نەیانتوانی یەک کورسیش بەدەستبهێننەوە.

کاتێک خەڵک دەنگ دەدات بە کەسێک دەیـەوێـت لـە پـەرلـەمـان کـار لەسەر خواستەکانی بکات، نـەوەک بچێت لە شـوقـەی زەکـەریـادا بـژیو تازەترین جۆری ئۆتۆمبێلی لەژێردا بێتو کارتی مۆبایلیشی لەسەر حیسابی پارەی میللەت بێت. هاوڵاتی دەیەوێت نوێنەرەکەی لەگەڵ خەمەکانی ئـەودا بـژیو ئەو ژینگەیەی لێی دەژی جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ خەلکی دیکە، نایەوێت منداڵەکانی لە زانکۆو قوتابخانەی تایبەت بخوێنن، هاوڵاتی نایەوێت نوێنەرەکەی مووچەی دە هێندەی ئەوبێت، هاوڵاتی دەیەوێت هەرکاتێک بیەوێت نوێنەرەکەی ببینێت نووسینگەی تایبەتی هەبێتو خەڵک ڕۆژانە بۆ گرفتەکانیان ڕووی تێبکەن. بۆیە پێویستە نوێخوازان هەر لە ئێستاوە بە تۆکمەیی کار لەسەر خەباتی پەرلەمانی بکات. خەڵک ئەو جۆرە پەرلەمانتارە بە نوێنەری خۆی دەزانێت کە ئەکتیڤو خەمخۆری بێتو کاری تەنیا بەڵێ نەبێت!

ئەگەر نا دووبارەکردنەوەی هەڵەی خەڵکی دیکە تووشی هەمان دەرئەنجامیان دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر بەرەی ئۆپۆزسیۆن بیەوێت دەرئەنجامی (کادمیاو دادو گەشەپێدان) چاوەڕێی بکات دەبێت کار لەسەر هەموو ئەو برینانە بکات کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بە دەستییانەوە ئازار دەچێژێت.

ئەو ڕێژەیەی کە قەوارەکانی دەرەوەی ئـەم دوو حیزبە لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستیانهێنا، لە ڕاستیدا ئەو بزووتنەوەیەی خستە ژێـر ئەرکێکی قـورسـەوە، تاکی کوردی دەیەوێت چیتر بە خەیاڵی ئەوروپاو بەهەشتەکەی ڕۆژانی تەمەنی بەڕێنەکات، بەڵکو دەیەوێت ئەو بەهەشتە لە نیشتمانەکەی خۆی بەرجەستەبێت، ئەگەرچی چارەسەری تـەواوی کێشەی گەنج لەو وڵاتەی ئێمە کاری زۆرو نەفەسی درێژی دەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەستپێبکرێت بە هەنگاونان بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەو توێژە گرنگە، دەرچووانی زانکۆ دەیانەوێت کە دامەزرێنران چاوشۆڕی کەس نەبن بەوەی واستەی بۆ کردوون تا دامەزرێن، پێشمەرگە نایەوێت چیتر لەکاتی دەنگدان چاوی لێسوور بکرێتەوەو سوێند بدرێت بە تەلاق، کوردانی ناوچە دابڕاوەکان چیتر نایانەوێت چارەنووسیان لەدەست خەڵکێک بێت کە زۆربەی کاریان بۆ بودجەو نەوت بووە (ئەویش لە بەرژەوەندی خۆیان)، خۆ ئەگەر چارەکی ئەو هەوڵە جدییانە بۆ مادەی (140) بدرایە هەنگاوەکانی زۆر زیاتر بەرەوپێشدەچوو، هاوڵاتی ئەم هەرێمە پەرلەمانێکی ناوێت ئەندامەکانی بـەدوای زیادکردنی مووچەی خۆیانو دابینکردنی حەسانەی دیبلۆماسی بۆ خۆیان بن، نایەوێت پەرلەمانتارەکان سانسۆر بخەنەسەر جگەرەو یاسای بۆ دابنێت، کەچی چاوی ئەو هەموو گەندەڵییە نەبینێت تا یاسای توند بۆ گەندەڵکاران دابنێت، هاوڵاتی نایەوێت پەرلەمان میوانداریی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت بکات، بەڵکو دەیەوێت لێپێچینەوەی توندیان لەگەڵ بکات، نایەوێت دەستوورێکی بۆ پەسندبکات کە لەگەڵ داخوازییەکانی ئەو قۆناغە نەگونجێت، هاوڵاتی دەیەوێت بزانێت بودجەی هەرێمەکەی چەندەو لە چی دا سەرفدەکرێت، نەک لەژێر پەردەی ڕەش پەسەندبکرێتو لە پرۆژەی وەهمی بـەهـەدەر بدرێـت، دواجـار هاوڵاتیان دەیانەوێت پەرلەمان مەرجەعی ڕاستەقینە بێت نـەوەک بـڕیـارەکـان لـە مەکتەب سیاسییەکان بدرێتو تەنیا پەرلەمان بۆی هەبێت ئەرێی بۆ بکات!!.

خۆزگەکانی تاکی کوردی زۆر زۆرەو ئەمە مشتێکە لە نموونەی خەرواریک، بەڵام ئەوەی لە هەموو ئەوانەدا خالی هاوبەشە ئەوەیە تاکی کوردی دەیەوێت ژیانێکی ئابڕوومەندانەی هەبێتو هاوڵاتیبوونی یەکسان بکرێتە پێوەرو لە خۆشگوزەرانیی بـژیو چیتر مافەکانی وەک منەت پێ نەفرۆشرێتەوە، هەموو ئەو ئەرکانەی ئاماژەمان بۆکرد بەڵگەی قورسی ئەرکی داهاتووی گۆڕانە لە پەرلەمانی ئایندە.

f_blbas@yahoo.com

| ت | الرقم التسلسلي للشكاوى | المحافظة | رقم مركز الاقتراع | رقم المحطة | نوع التصويت |
|---|---|---|---|---|---|
| 164 | 404669 | اربيل | 220005 | | عام |
| 165 | 404665 | اربيل | 203026 | 3 | عام |
| 166 | 404666 | اربيل | 201016 | 5 | عام |
| 167 | 404659 | اربيل | 221004 | | عام |
| 168 | 404663 | اربيل | 205001 | 3 | عام |
| 169 | 404654 | اربيل | 215014 | 5 | عام |
| 170 | 403000 | اربيل | 203006 | 1 | عام |
| 171 | 408816 | اربيل | 207027 | | عام |
| 172 | 404675 | اربيل | | 1 | عام |
| 173 | 405341 | اربيل | | | عام |
| 174 | 405342 | اربيل | | | عام |
| 175 | 414091 | اربيل | | | عام |
| 176 | 412536 | اربيل | | | عام |
| 177 | 411785 | اربيل | | | عام |
| 178 | 411783 | اربيل | | | عام |
| 179 | 411782 | اربيل | | | عام |
| 180 | 411781 | اربيل | | | عام |
| 181 | 406184 | اربيل | | | عام |
| 182 | 408815 | اربيل | 208001 | 1 | عام |
| 183 | 402995 | اربيل | 203023 | 6 | عام |
| 184 | 402997 | اربيل | 203202 | 4 | عام |
| 185 | 402998 | اربيل | 207022 | 1 | عام |
| 186 | 402992 | اربيل | 201015 | 1 | عام |
| 187 | 402990 | اربيل | 207029 | 2 | عام |
| 188 | 402989 | اربيل | 226012 | 2 | عام |
| 189 | 402988 | اربيل | 208005 | كافة المحطات | عام |
| 190 | 402982 | اربيل | 202019 | 1+2+3+4 | عام |
| 191 | 402975 | اربيل | 200018 | 1 | عام |
| 192 | 404656 | اربيل | 221008 | 4 | عام |
| 193 | 404667 | اربيل | 203013 | 2 | عام |
| 194 | 404670 | اربيل | 214007 | 2 | عام |
| 195 | 404674 | اربيل | 226013 | 1 | عام |
| 196 | 404678 | اربيل | 214010 | 4 | عام |
| 197 | 408814 | اربيل | 220010 | 4 | عام |
| 198 | 408819 | اربيل | 203006 | 5 | عام |
| 199 | 408818 | اربيل | 208010 | 4 | عام |
| 200 | 408828 | اربيل | 208013 | | عام |
| 201 | 408832 | اربيل | 201017 | كافة المحطات | عام |
| 202 | 408827 | اربيل | 201017 | 3 | عام |
| 203 | 409570 | اربيل | 208010 | 2+3+4+5 | عام |
| 204 | 409572 | اربيل | 207022 | 2 | عام |
| 205 | 409583 | اربيل | 211009 | 1 | عام |
| 206 | 408830 | اربيل | 203006 | 1 | عام |
| 207 | 404652 | اربيل | 215013 | 1 | عام |

| ت | الرقم التسلسلي للشكاوى | المحافظة | رقم مركز الاقتراع | رقم المحطة | نوع التصويت |
|---|---|---|---|---|---|
| 371 | 419891 | سليمانية | 294002 | 3 | عام |
| 372 | 419771 | سليمانية | 295001 | 1 | عام |
| 373 | 428192 | سليمانية | 276006 | 5 | عام |
| 374 | 428132 | سليمانية | 276002 | 3 | عام |
| 375 | 424301 | سليمانية | 265005 | 1 | عام |
| 376 | 428131 | سليمانية | 276 | 1 | عام |
| 377 | 428671 | سليمانية | 276003 | 4 | عام |
| 378 | 419051 | سليمانية | 287015 | 1 | عام |
| 379 | 418031 | سليمانية | 290002 | 1 | عام |
| 380 | 489893 | سليمانية | 294002 | 2 | عام |
| 381 | 428731 | سليمانية | 276007 | | عام |
| 382 | 427682 | سليمانية | 275015 | 3 | عام |
| 383 | 428194 | سليمانية | 276006 | | عام |
| 384 | 427831 | سليمانية | 275007 | | عام |
| 385 | 428071 | سليمانية | | | عام |
| 386 | 427772 | سليمانية | 275006 | | عام |
| 387 | 428103 | سليمانية | 275025 | | عام |
| 388 | 428195 | سليمانية | | | عام |
| 389 | 428041 | سليمانية | 275026 | | عام |
| 390 | 416521 | سليمانية | 274010 | | عام |
| 391 | 421275 | سليمانية | 269001 | | عام |
| 392 | 421274 | سليمانية | 269 | | عام |
| 393 | 419052 | سليمانية | 287015 | | عام |
| 394 | 421272 | سليمانية | 265 | | عام |
| 395 | 420431 | سليمانية | 270013 | | عام |
| 396 | 426871 | سليمانية | 26006 | | عام |
| 397 | 427471 | سليمانية | 261007 | | عام |
| 398 | 419772 | سليمانية | 295001 | | عام |
| 399 | 430951 | سليمانية | 285007 | | عام |
| 400 | 427472 | سليمانية | 261007 | | عام |
| 401 | 420881 | سليمانية | 270010 | | عام |
| 402 | 422441 | سليمانية | 267 | | عام |
| 403 | 420672 | سليمانية | | | عام |
| 404 | 420434 | سليمانية | | | عام |
| 405 | 429451 | سليمانية | 278004 | | عام |
| 406 | 429961 | سليمانية | 286002 | | عام |
| 407 | 428196 | سليمانية | | | عام |
| 408 | 419893 | سليمانية | | | عام |
| 409 | 1006033 | سليمانية | 277001 | 4 | عام |
| 410 | 1006031 | سليمانية | 277004 | 5 | عام |
| 411 | 1006032 | سليمانية | 277004 | 4 | عام |
| 412 | 502243 | سليمانية | | | عام |
| 413 | 423552 | سليمانية | 262011 | | عام |
| 414 | 427683 | سليمانية | 275015 | 3 | عام |
| 415 | 402432 | | | | عام |

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٨) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التقدم في السليمانية بشأن امتناع بعض شركات الدعاية والاعلان التعامل معها لعدم اختصاص المفوضية .
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری خۆی ژمارە (٨) لە کۆنوسی ئاسایی ژمارە(٦٠) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٤ دەرکرد بەم شێوەی خوارەوە:

رەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی پیشکەوتن لە سلێمانی سەبارەت بە قایل نەبوونی هەندێک لە کۆمپانیاکانی ریکلام و راگەیەیاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ لیستەکە بەهۆی تایبەتمەند نەبوونی کۆمیسیۆن.
ئەم بریارە شیاوی تێهەلچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەلبژاردنەکان لە ماوەی سێ رۆژ کە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بریارەکە دەست پێدەکات.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢١) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :
رد الشكوى المقدمة من قائمة الخدمات والاصلاح /دهوك ضد القائمة الكردستانية حول قيام الاخيرة باستخدام الدوائر الحكومية في لصق دعايتها الانتخابية لعدم تقديم الادلة الثبوتية.
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .

مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کومسیاران بریاری ژمارە (٢١)ی کو نوسی ئاسایی ژمارە (٥٩) بە مێژووی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوە درکرد
